# جیهانی منالان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
دەربارەی منالان

ژمـــــارە 14



## نۆژەنکردنەوەی یانەی سارای سلێمانی

www.jmnalan.org

## نــــــــاوەڕۆك

**لاپەڕە بابەت نووسەر**


5. منـــداڵ و بنیاتنانی کۆمەڵ ! ..... بڵند فایق
6. منـــداڵ و درۆ کردن! مامۆستا هێرۆ کەماڵ
8. کێشەی نوسـتن لەلای منـــداڵ ............
.............................. مامۆستا هێرۆ کەماڵ
10. نـامە ......................... عەلی کیتابی
15. چمکـێکی چکـۆلە لە ڕۆمانی ســارا .......
...................................... عەلی کیتابی
18. کۆماری بێدەنگی .. شیعری ڕەحیم لوقمانی
21. کوودتا .................. ڕەحیم لوقمانی
21. شیعر ................... ڕەحیم لوقمانی
22. سـەرمـابردەڵەکان ......... سەردار عەبدوڵا
25. چەند دیمەنێنێك لە هاوینەهەواری هەڵواسراوی یانەی سارای منداڵان لە گوندی زڕگوێز.





**کیژۆڵە جوانەکەی مامۆستا ڕەحیم لوقمانی**





<u>تێ بی نی:</u>

**دەخڵ و خەرجی سێ مانگی**


**ڕابوردوو هەمو لەسەر ئەستۆی**

**کاك عەلی کیتابی بووە !**

هەروەها کاك بڵند فایق کارێکی لەڕادەبەدەری گرنگی ئەنجام داوە لە ڕێی e-mail لە بواری ناردنی نامەو وێنەو هتد.

# جیهانی منداڵان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە



سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**

**جیهـــانی منـــداڵان**

**گۆڤارێکی وەرزیەو لە سوێد دەرئەکرێ و**
**لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە**

**بە زۆری لەسەرCD و ماڵپەڕی جیهانی منداڵان** www.jmnalan.org **بڵاو دەکرێتەوە**

**بەتایبەتیش بۆ پشتیوانان و یارمەتی دەران چاپ دەکرێت**

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***

*Barnhemet SARA i Zergwez*/Slemani





**Ali Ketabi**
**C/O Shihab Manmy**
**Fjäderharvsgatan 17**
**424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030**

**Postgiro : 5469 - 4922**
**shihab.manmy@comhem.se**

**ISSN 1651-5188**

# منــــدالّ و
# بنياتنانى كۆمەڵ !

نووسينى: بڵند فايق

## پێشەكى

لەو وڵاتانەى وەك وڵاتانى ئێمە كە بەناو، ناونراون وڵاتە تازە پێگەيشتووەكانى رۆژهەڵات؟ كە دێتە سەربارى لێكۆڵينەوەيى، پێكهاتەيەكى كۆمەڵايەتى زۆر ئاڵۆزى تێدا بەدى‌دەكرێت لەرووى بەيەكداچوونى فەرهەنگ و نەريت و كۆمەڵايەتى‌و ئابوورى و سياسى و تەنانەت بارى پەيوەندى كۆمەڵايەتى و بيركردنەوەى تاك و تێكەڵ كردنى و دەنگدانەوەى لەسەر شەقامى كۆمەڵ، ئەمەش بۆتە هۆى پەيوەندى و پێكەوە بەستنێكى زۆر سەير و سەمەرەى‌ژيان لەبارەى خۆ بەستنەوە بەچەند نەريت و هۆكارێك زۆر گرانن كە رێژەيەكى زۆرى كۆمەڵ پەيرەوى دەكەن نازانن وەيا تێروانينەكانيان پاشە رۆژيان لا زۆر ناديارە و ناتوانن بە پێى نەخشەيەكى خوازراوى رەورەوەى پێشكەوتنى كۆمەڵى لەسەر بڕيار بدرێت.

جا من هەر لێرەوە تێروانينێكى ساكار دەهێنمەوە كە بە بنەمايەكى زۆر گرنگى بنياتنان دەژميررێت. بەپێى تێروانينى زۆر لەزانا كۆمەڵناسەكان ئەويش دروست كردنى لانە و پاشان هێنانە كايەى بەردەوامبوونى رەورەوەى كۆمەڵ كە ئەويش (مندالّە) كە لەيەكەم هەڵكێشانى هەناسە و هەڵێنانى چاوى، رۆژ بەرۆژ تۆمارى نوێى تەواوكەرى رەورەوەى بەردەوامبوونى پيشكەوتنى كۆمەڵ و هەڵگرى سيماى ژيانى دەوروبەرەى خۆيەتى كە تيايدا هەڵدەقولێت. جا لەبەر ئەوەى كە زۆر گرنگى ئەو جولاّنى رەورەوەى بەردەوامبوونى سيماى نەتەوەيى و نيشتمانى و كۆمەڵايەتييە كە جووڵێنەرێك، كە ئەويش لە چواردیوارى لە دايكبوونيەوە ئەركەكان و جێبەجێ‌كردنەكانى 0ئەكەوێتە ئەستۆى هەڵگرى ئەو مەشخەڵە لەپێش داگيرسانى، بۆئەوەى داگيرسانێكى رووناكبێت بۆ دوواى خۆى، نەك تاريككەر و رووخێنەرى پاش خۆى‌بێت، ئەويش بەماناى ئەوەى كە، ئەو خێزانەى كە دەبێتە داگيرسێنەرى مەشخەڵى رێگاى داهاتوو بە پەروەردە كردنى رێبەرانى ئەو رەورەوە مێژووييەى دروستكەرە لە كۆمەڵدا، دەبێ باش بير لەوە بكاتەوە كە دەبێت نەوەكەى خۆى يان نەوەكانى دەور و بەرى، يان ئەو خێزانە كە ئەركێكى زۆر قورس و گرانى لە بەردەمدايەن نەك تەنها دروستكردنى خێزان و نەوە خستنەوەى بێ‌نەخشە و پلان بدرێتە دەست قەزا و قەدەر، و ببێتە هۆى ئەوەى رەورەوەى ژيان لەسەر (رێل) و رێگاى خولانەوەكانى بێ‌هيچ پێشەوە چوونێك. جا ئەمە زۆر ئاستەمە بۆ گۆرانكارييە تازەكانى كۆمەڵگا كە ئێستا مرۆڤ لە سەدەى (21)ە مدا تيايدا دەژيت، ديارە كە ئێستا رەورەوەى پێشكەوتنەكانى جيهان زۆر بە پەلە و بيهوودە بەرەو پێش دەچێت.

هەربۆيە دەبێت بنياتنانى خێزان تەنها دروستكردنى خانوو كەرەسەى ناو ماڵى جوان و خواردنى باش و جل و بەرگ نەبێت، دەبێ بڕيار و بيركردنەوە وابێت كە نەوەكانمان وا پەروەردە بكرێن كە هاوكات و پێ‌بەپێى گۆڕانكاريەكان و پيشكەوتنە كۆمەڵايەتيەكان و تەكنولۆژييەكان لەخۆى بگرێت، بۆ ئەوە نەوەيەكى بە توانا بەرەخسێت كە هەمان پەيرەوى بەرەوپێشبردنى ژيانى هەبێت لە داهاتووى خۆى و نەوەكانى پاش خۆى.

ئەمە پيشەكيەكە بۆ چوونە ناو باسەكەوە هيوادارم وەك زنجيرە باسێك لە ژمارەكانى داهاتوودا لەم گۆڤارەدا بلاويان كەمەوە.

**بڵند فايق**

سەرەتاى هاوينى 2005

# منـــداڵ و

## درۆ کردن!

نووسینی: مامۆستا هێرۆ کەماڵ

منداڵ کە لە دایك دەبێ  بە شێوەیەکی سروشتی پاك و بێگەرد ڕاستگۆیی و پاراستنی ژینگە و ماڤ خۆیو هاو چەشنەکانی و (پێچەوانەکەی) هەنگاو بە هەنگاو بە کردەوە بەتایبەت لە داوینی دایك و و باوەشی باوکی و چوارچێوەی خێزاندا فێردەبێت کە چۆن گوفتو گۆکردن و پەیمانەکانیان پەیڕەوی دەکەن.

دیارە ئەگەر لە ژینگەیەکدا پەروەرد بکرێت کە درۆ و دوو دڵیو دووڕوویی لەگوفتار و ڕەفتاردا پەیڕەو بکەن بێگومان هەمان ئاراستەی وتارو کردار فێر دەبێت. بۆ ڕوو بەروو بوونەوەیان و بەدی هێنانی ئامانجەکانیان، ئەو منداڵەی لەو ناوەندەدا گەورە دەبێت یارمەتی دەری نابێت بۆ گرتنەبەری ئلراستەی ڕاستگۆیی و ڕاهێنان لە سەری- درۆکردن ئاسان دەبێت لە لای ئەو منداڵانە بەتایبەتی کە توانای گوفتوگۆ کردنی باسی و زمانی پاراویان هەبێت، هەروەها لە ئەندێشەو خەیاڵدا دەوڵەمەند بێت.

منداڵ ئامادە دەبێ بۆ چاولێکەری دەورووبەری، کەواتە دەتوانین بڵێن ( درۆکردن سیفەتێکە یان ڕەفتارێکی دەسکەوتووە کە فێر دەبین، و هەرگیز سیفەتێکی زگماکی یان بۆماوەیی نیە. درۆکردن نیشانەیەکی پاڵنەری بەهێزی دەروونیە، کە لە ئاکاردا ڕوو ئەدات، جا منداڵبێت یان کەسێکی پێگەیشتووبێت. کە واتە درۆکردن لە منداڵدا سیفەتێکی بۆماوەیی و ڕەچەڵەکی نیە، بێگومان منداڵ لە دەورو بەری خۆیەوە فێری ڕاستگۆیی دەبێت  بە مەرجێك ئەگەر کەسانی دەورو بەری ڕاستگۆبن و خاوەنی قسەی خۆیان بن، ئەوا ئەویش چاو لەوان دەکات و ڕاستگۆ دەبێت. بەڵام ئەگەر گەورەکانی دەورو بەریشی لە درۆ کردن و گومان بردن و فێڵ و تەڵەکەدا ژیان، ئەوا بێگومان ئەویش ڕێگای باوکی ون ناکات.

هەندێجار باوك بە خواستی خۆی منالەکەی فێری درۆ و دووڕوویی دەکات، بۆ نموونە/ باوکانێك هەن لە نیوەڕۆدا کە یەکێك لە زەنگی درگا دەدات بۆ هەواڵپرسینی، بەمنداڵەکەی دەڵێ:

– ئەگەر منیان دەوێت بڵێ باوکم لەماڵەوە نیە، بێگومان لەو کاتانەدا منداڵ لەدڵی خۆیدا دەڵێ: ( درۆکردن کارێکی سانایە و هیچی تێناچێت) ئەگەینا باوکم بۆ درۆ دەکات.

= دوو توانای بۆ ماوەیی هەن کە منداڵ هان دەدەن بۆ درۆ کردن و یان فێری درۆکردن بێت  لەوانە !–

1– زمان پاراوی و توانای گفتوگۆی باشی هەبێت.

2– خەیاڵ بەپیتی و خەیاڵی چالاکی، واتا ئەو منداڵانەی خەیاڵیان بەهێز و فراوانە  زوتر فێری درۆ کردن دەبن.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە درۆکردنن زاناکان درۆکردنی منداڵ دەکەن بە چەن جۆرەوە!

1– درۆکردنی خەیاڵی، 2– درۆی لێگۆڕاو، 3 – درۆی خۆ هەڵکێشان، 4 – درۆی بەدەست هێنان، 5 – درۆی تۆڵە سەندنەوە، 6 – درۆی بەرگری، 7 – درۆی چاولێکەری، 8 – درۆی بەردەوام.

### 1 – درۆکردنی خەیاڵی!–

منداڵ بەتایبەتی لەتەمەنی (4 و 5 ) ساڵیدا ئەمجۆر درۆیانە پەیڕەو دەکەن، لە ئەنجامی خوێندنەوەی چیرۆك و دروست کردنی بەخەیاڵ و گێڕانەوەی چیرۆك بە درۆ، کە ئەمەش ڕەفتارێکی سروشتیە چونکە منداڵ دڵی پێخۆش دەبێت، بەگێڕانەوە و دروستکردنی ئەم شێوە درۆیە، چونکە ئەم منداڵانە توانایی جیاکردنەوەی درۆکردن و ڕاستگۆییان نیە.

ئەمجۆر درۆکردنە کە لە بیرو بۆ چوونی دروست دەبێت بە شێوەی خەیاڵی لە میشکی منداڵدا شکڵ دەگرێو گەڵاڵە دەکات، ئەگەر منداڵ لەسەر ئەمجۆرە درۆکردنە بە درۆزن بناسرێت؟ ئەوا دەبێ گشت نووسەر شاعیران بە درۆزن دابنرێن، چونکە ئەوانیش بە خەیاڵی خۆیاندا چیرۆك و ڕۆمانە شاکارەکانیان خولقادوە و جیهانیان پێ هەژاندوە.

### 2 – درۆی لێگۆڕاو!

لەم جۆرەدا  منداڵ ناتوانێت ڕاستی و خەیاڵ لێك جیاکاتەوە، ئەوەیش بەهۆی کەمتوانایی میشکیوەیە بۆیە لەگەڵ پێگەیشتی تواناکانی میشکی منداڵ، ئەمجۆرە درۆیە نامێنێ.

### 3 – درۆکردنی خۆ هەڵکێشان!

لەم جۆرەدا منداڵ شتێك هەڵدەبەستێ و دەیخاتە پاڵ خۆیەوە، بێ‌ئەوەی ئەو شتانە بوونیان هەبێت، بۆ نموونە ( ئەو کەسانە هەست بە کەمی هێزو توانایی خۆیان دەکەن بۆیە بە خۆهەڵکێشانەوە باسی ئازایەتی و لێهاتوویی خۆیان دەکەن، پێیان وایە بە درۆ و خۆهەڵکێشان دەتوانن پلە و پایەیەك بۆ خۆیان وەدەست دێنن.

### 4 – درۆی وەدەست هێنان، یان خۆ پەرستی!–

زۆرجار منداڵ بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی تایبەتی خۆی ئەمجۆر

له درۆ کردن پەیرەو دەکات. بۆ نموونە ( داوای پارە لە دایك و باوکی دەکات و دەڵێت: لە قوتابخانە داوایان لێکردووم).

بەزۆری هۆکاری ئەم درۆکردنانە ئەمانەن!–

1 – منداڵ هەست دەکات لە جیهانێکی گوماندار و بێ باوەڕدا دەژی.

2 – متمانە نەکردنی منداڵ بە خودی خۆیو بە گەورەکانی دەوروبەریەوە.

5 – درۆی تۆڵە سەندنەوە !–

منداڵ درۆ دەکات بۆ ئەوەی کەسانی تر تووشی سزا بکات یان ناویان بزڕێنێت، ئەو جۆرە درۆکردنە بەهۆی ئێرەیی و حەسوودیەوە دروست دەبێت، یان بەهۆی بەکار هێنانی سزای توندو تیژی دژ بە منداڵ یان بەهۆی ڕەفتار کردن بەشێوەی نایەکسانی لە گەڵیاندا.

6 – درۆی خۆپاراستن لە خودیی یان بەرگری !–

زۆرجار منداڵ ئەمجۆرە درۆیە پەیرەو دەکات لەپێناوی پاراستنی خودی خۆی یان کەسانی دیکە، یان بۆئەوەی سزانەدرێت یان شاهیدی (گەواهی) بەناهەق دەدات لە پێناوی ڕزگاربوون لە گیروگرفتێك، کەواتە دەتوانین بڵێن ئەمجۆرە لە درۆکردن بۆ مەبەستی تایبەتی بەکار دەهێنرێت.

7 – درۆی چاو لێکەری !–

ئەمجۆرە درۆیە لە ئەنجامی چاولێکەری لە دایك و باوك و کەسانی دەور و بەری دروست دەبێت ئەمیش لە ئەنجامی درۆکردنی گەورەکانەوە دروست دەبێت، بۆ نموونە ( کاتێ بەیانیان دایکێك منداڵەکەی لەخەو هەڵدەستێ دەڵێ:

وا نیوەڕۆیە هێشتا تۆهەڵنەستاویت، یاخود کاتێ مداڵ نەخۆش دەبێت بۆ ئەوەی بچێت بۆلای پزیشك پێیدەڵێن:

دەچین بۆ گەڕان، یاخود دەڵێن ئەگەر لە تاقیکردنەوەکەتدا سەرکەوتوو بیت دیاریت بۆ دەکرین، کەچی لە ئاکامیشدا لە گشت ئەو بەڵێنانەی بە منداڵەکیان داوە پەشیمان دەبنەوە، ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ درۆکردن.

8 – درۆکردنی بەردەوام !_

خاوەنی ئەمجۆرە درۆیە بە نەخۆش دادەنرێت، کە ئەو منداڵانەی بە شێوەیەکی بەردەوام درۆ دەکەن، بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن یان هەستیان پێکردەوە، ئەمجۆرە درۆکردنە وا لە منداڵ دەکات، کە لە قوتابخانەدا دواکەوتوو بن، هەست بە کەمی و (نوقسانی) دەکەن و لە خۆیان ڕازی نین، هاوڕێیانی قوتابخانە گەڕەکیش لێیان ڕازینین، چونکە بەبەردەوامی درۆ دەکەن، زۆرجاریش پەنا دەبەنە بەر دزیکردن تا وەکوو ئارەزو و مەبەستەکانیان تێر بکەن.

چارە سەری ئەم دیاردە دزێو واتە درۆ کردن

1 – پێویستە تەمەنی منال ڕەچاو بکرێت، چونکە تاوەکوو تەمەنی منداڵ کەمتر بێت درۆکردنەکەی بێزیان و مەترسی کەمتر دەبێت، بەلاّم تاوەکوو تەمەنی منداڵ گەورە تربێت درۆکردنەکانیان مەترسیان زیاتر دەبێت.

2 – پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت ئایا درۆکردنی منداڵ درۆکردنێکی کاتییە یان درۆکردنێکی هەمیشەییە، یان درۆ دەکات بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە و ئێرەیی یان بە هۆی پاڵنەری خۆنەویستی نەخۆشی لەلای منداڵ بەکورتی دەڵێن پێویستە جۆری درۆ کردنەکە بزانرێت، تاوەکوو چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

3 – خۆشەویستکردنی ڕاستگۆیی لەلای منداڵ ئەویش لە ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکی سەرنجڕاکێش و پەندی بەسوودەوە.

4 – هاندانی منداڵ بۆ بڕوا بەخۆبوونی خودی خۆی بەتایبەتی لە گفتوگۆکردندا و دوور خستنەوەی لە ترس و دڵە ڕاوکی.

5 – پێویستە منداڵ پەیمانی درۆی پێنەدرێت چونکە ئەمانە هۆکارێکن بۆ فێربوونی درۆکردن.

6 – باشترین ڕێگا بۆ چارەسەر کردنی درۆ پێویستە گەورەکانی دەورووپشتی درۆ نەکەن.

7 – خراپترین ڕێگای چارەسەرکردنی منداڵ کە درۆ دەکات سزادان و توندو تیژییە، بەڵکوو پێویستە بە شێوەیەکی پەروەردەیی زانیاری ئەو دیاردە دزێوەی منداڵ چارەسەر بکرێت.

زرگوێز مانگی گولاّنی 2005 م– هێرۆ کەماڵ

به سوپاس و پێزانینەوە بۆ مامۆستا هێرۆ کەماڵ مامۆستای قوتابخانەی گوندی زرگوێزی گەورە کە ئەم بابەتە گرینگ و بە پێزەی ئاراستەی گۆڤاری جیهانی مناڵانمان کرد کە بۆی چاپ و بلاّو بکەینەوە. هیوادارین زیاتر تواناو تەوژمی ئەندێشە و مێشك و جەستەی بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزەی لەسەر شانیەتی کە مامۆستاییە و نووسین لێکۆڵینەوەیە دەربارەی مناڵان بەکاری بهێنێ. ئێمەیش توانیبێتمان کۆریە ساواکەیما خستبێتە ئامیزی دایکی کە گۆڤاری جیهانی منداڵانە.

**عەلی کیتابی**

سەرنووسەری گۆڤاری جیهانی منداڵان

# کێشەی نوستن لەلای
# منداڵ

بەهۆی گەردشی گۆی زەمین، جیهان هەڵگری شەو و ڕۆژە کەماوەکەی (24) کاتژمێرە و جەستە بە شێوەیەکی بایولۆجی لەگەڵ ئەو کاتەدا خۆی گونجاندوە لە کاتی درەنگی شەو یان لە بەرەبەیاندا بەهۆی نزم بوونەوەی پلەی گەرمی لەشی مرۆڤ، جا چ نوستووبێ و چ بەئاگابێ چالاکی عەقڵ لە نزمترین ئاستدا دەبێت، پاش کۆتایی شەو و سەرهەڵدانی ڕۆژ، دیسان بەرز دەبێتەوە تا وەکو شەو.

نوستن بەشیکی گرینگ و پێویستە بۆ ئەو کاتە بایلۆژیە وئەو کەسانەی کە بەشەو دەمیننەوە لە شەودا ناخەون جا بۆ چ مەبەستێك (کارکردە وە یان چوون بۆ ئاهەنك و ...هتد) گوێنادەنە ئەو کات و ساتە بەنرخانەی کە ناوەوەی لەش جەستە پێویستی پێیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەیان بە ڕۆژ دەخەون تا ئەوکاتە بەسەر چووە بگەڕێننەوە بەڵام قەرەبوو کردنەوەی ئەو کاتە لەکیسچوە کارێکی سانا نیە، هەتا ئەگەر مرۆڤ، بۆماوەی (7-8) کاتژمێر لەڕۆژدا بنوێ، سوودی ئەوەندەی نوستن لە شەودانیە و ڕوونکردنەوەی ئەم کارەش زۆر ئالۆز و قورسە! چونکە جیهان لەڕۆژدا بە ئاگایە جەستەیش بە هەمان شێوە بە ئاگایە، هەروەها لەشەودا نەخەوتن زیان دەگەیەنێتە جەستە چونکە ئەوکاتە بە شێوەیەکی بایلۆجی گرینگە بۆ جەستە.

## نوستن دوو جۆرە!

لە ماوەی نوستندا مۆخ شەپۆلەکانی دەگەیەنێت، کە دەتوانین بڵێن هەروەکو ئامێرێکی کارەبایی دای بنێین واتە مۆخ لە ئامێرێکی کارەبایی دەچێت کە شەپۆلەکانی بڵاو دەکاتەوە. زۆر ئاشکرا و سورشتیيە کە تاکە کەس هەندێك لەنوستنی لە ( نوستنی قورس بە سەردەبات) و هەندێکی دیکە لە ( نوستنی سووك) بەسەردەبات و جووڵەی لەشی و خێراییەکەی و جووڵەی ماسوولکەکانی دەم و چاو، نا جێگیرە لەمقۆناغەدا.

لەکاتێکدا کە مرۆڤ دەخەوێت، یەکەم هەنگاو دەچێتە (نوستنی قورسەوە) لەم کاتەدا مرۆڤ، جەستەی خاو دەبێتەوە و بێدەنگ دەبێت و ناجووڵێت تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئەملاو ئەولا دەکات لەدوای (9) دەقیقە جووڵەی دەماغی گۆڕانکاری بەسەرداێت و جووڵەی چاوی خێراتر دەبێت و بەشێك لە ماسوولکەکانی دەموچاوی دەجووڵێت پاشان لەدواییدا دەچێتە قۆناغی نوستنی خاوەوە، لەم قۆناغەدا گواستنەوە ڕوو ئەدات لەنوستنی قورسەوە بۆ نوستنی سووك، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر مرۆڤ، بەبێ ویستی خۆی بە ئاگا بکرێتەوە، ئەوا کەدەخەوێتەوە دەچێتە ناو نوستنی سووکەوە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تاهەوڵ بدات ئەو ماوەیەی لەدەستی چووە بیگەڕێنێتەوە.

- زانستی نوێ جەختی کردوە و دەڵێ نوستن یەکجۆر نیە بەڵکو دوو جۆری جیاوازن!-

1- جۆری یەکەم ! - کە ناو دەبرێت بە نوستنی (کلاسیکی یان نوستنی خاو) ئەمجۆرەش بەم چەشنە دەناسرێت!-

1- خێرایی هەناسەدان 2- خێرایی لێدانی دڵ 3- دابەزینی ئاستی خوێن و پلەی گەرمی لەش 4- دابەزینی خێرایی سووڕاننەوەی ناولەش بەوە دەناسرێت کە ئەم جۆرە نوستنە جووڵەی چاو خێرایی کەمە.

2- جۆری دووەم!- کە ناو دەبرێت بە نوستنی (بینینی خەو) چونکە ئەمەش پەیوەندی بە نوستن و خەو بینینەوە هەیە، لەکاتێکدا ئەگەر جووڵاندنی خێرایی چاو مرۆڤ، بە ئاگا بێنێتەوە دەتوانێت ئەوەی لە خەودا بینیویەتی بۆمان بگێڕێتەوە. بەڵگەیەکی دیکە، لەم جۆرە لە نوستن تایبەتە بە ( خەو بینینەوە) ئەوەش کە بەڵگەیە لەسەر (چاو) لەم کاتەدا چاو زۆر دەجووڵێت هەر وەکو چۆن سەیری دیمەنی پێدەکرێت. لەم کاتەدا (خەوەکان) زیاتر ڕوونو ئاشکران و نیشانەی چالاکی و هەستداریان پێوە دیاە بەتایبەت لە ماوەی جۆری نوستنی دوەم، هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان و شارەزایان لەو بڕوایەودان کە پێویستی مرۆڤ، بەنوستن لەوانەیە بۆ (بەتاڵکردنەوەی تێکچوونی هەست و سۆزدارەکان بێ) وەکو ئاشکرایە کە نوستن لە ماوەیەکی دیاری کراودا ڕوو دەدات، کە هەندێکەس لەو بڕوایەدان کە کاتێکی زۆری دەوێت.

ئەگەر مرۆڤی خەوتوو پاش (10) دەقیقە بە خەبەر بێنرێ، لەوانەیە لەنیوەی خەو بینینەکەیدا بێت، کە وازی لێ بهێنرێت لەوانەیە بە بینینی پاشماوەی هەمان خەوەوە بنوێتەوە.

ئەمجۆرە لە نوستن هەڵگری پلەیەکی زۆرە لە هەست، و شوێنەواری زۆر لەسەر جەستە بەجێ دەهێڵێ، هەروەها کە کاریگەری خۆش و ناخۆش و نیگەرانیش هەیە، لەوانەیە وا لە مرۆڤ، بکات کە (ئۆرینالین) بڕژێت، وا لە کەسەکە دەکات لەخەو ڕاچڵەکێ و گوێی لە دەنگی لێدانەکانی دڵی بێت.

ئەگەر مرۆڤ، لە خەودا پێشبڕکێی وەرزشی بکات، کە خەبەری دەبێتەوە هەست بە ماندوو بوون دەکات، یان هەندێك جار خەو بینینی ناخۆش دەبێتە هۆی پەیدابوونی مەترسی. بۆنموونە/

مرۆڤ، لە خەودا دەبێتە قوربانی، ئەو ترس و تەوەهومە وای لێ دەکات لە خەودا تووشی شەلەل دەبێت. ئەمجۆرە هەستەش لە نوستنی سووکدا ڕوو دەدات، چونکە ئاگادارکردنەوەی (عصب) واتە تاڵەمووەکانی جەستە، بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە ماسوولکەکان لەمکاتەدا بۆماوەی نیو دەقیقە دەوەستێ، پاشان جارێکی دیکە ئەو ئاگادار کردنەوە دەسپێدەکات، لەوکاتەدا ئەوکەسە هەست بە شەلەل دەکات تاوەکو دەگاتە خاڵێك کە دەتوانێ بگاتە خاڵێك کەدەتوانێت ڕابکات یان بە ئاگابێتەوە لە نوستنەکەی.

وەکو دەرکەوتووە کە خەو بینینی زۆربەی خەڵك لە ماوەی نوستنی قووڵ کەمترە لە چاو ماوەی نوستنی سووك، ئەگەر مرۆڤ، خەو ببینێ لەم ماوەیەدا ئەوا خەو بینینەکەی جۆراوجۆر و جیاواز تر دەبێت، چونکە زۆربەی خەوەکانیان تایبەتیە بە ژیانی ڕۆژانە و بەتایبەت کردەوە و هەست و سۆزەکانیانە.

## پێویستی منداڵ بەنوستن !

وەکو دەزانین هەموو کەسێ پێویستی بە نوستن هەیە، بەڵام هەندێك پێویستیان بە نوستنی زیاتر هەیە، بۆ نموونە ئەو کاتژمێرەی کە منداڵ پێویستیەتی بۆ نوستن زیاترە لەچاو کەسانی گەورە.

زۆر گرینگ و گرانە کە بتوانین ئەو کاتژمێرانە دیاری بکەن کە منداڵی تەمەن(3) مانگ و کەسێکی تەمەن (30) ساڵ یان (70) ساڵ هەرکام پێویستیان بە چەن کاتژمێر خەو هەیە، بە گوێرە زانیاری نوێ پێویستی هەرکام لەو تاکە کەسانە بە گوێرەی تەمەنیانەوە دیاری کراوە. بۆ نموونە بە شێوەیەکی گشتر نوستن بۆ منداڵێکی تەمەن (3) مانگ (18) کاتژمێرە لە (24) کاتژمێردا. لەوانەیە ئەگەر کو ئەو منداڵە ئەوەندە بنوی هەست بە مەترسی بکەیت یان هەندێك جار ئەو منداڵە بێزار دەبێت لە جێگادا، یان هەست بە نیگەرانی دەکات و لەوانەیە منداڵ تەنها (12) یان (13) کاتژمێر بنوێت ڕۆژانە کە پێویستیەتی وپێویستە منداڵ بە پێی ئارەزو و پێویستی خۆی بنوێت نەك بەزۆر ناچار بکرێت بخەوێت ، بێگومان مرۆڤی گەورەش کە خەوی نەیەت بەزۆر ناخەوێت.

## خەوی کۆرپەکەت !

ئایا منداڵەکەت شەو تا بەیانی دەخەوێت بەتەواوی؟

ئەوە یەکێکە لەو پرسیارانەی کە زۆرجار ئاڕاستەی دایك و باوکە نوێکان دەبێتەوە، زۆربەی ئەو دایك و باوکانەی کە بێئاگان لە چۆنیەتی نوستنی منداڵە ساواکانیان، لەوانەیە بڵێن بەڵێ، کۆرپەکەت نازانێ جیاوازی نێوان شەوو ڕۆژ چیێە؟ گەدە بچووکەکەی ناتوانێت بڕی تەواوی خۆراکی پێویست هەڵگرێت بۆ ئەو ماوەیە کە دەنوێت سوودی لێ وەر بگرێت. هەموو چەند کاتژمێرێك کۆرپەڵەکان خۆراکیان دەوێت، جاگرینگ نیە شەو بێت یان ڕۆژ، کۆرپەکەت چەند بخەوێت باشە؟ هەرکۆرپەیەك لەوانەیە لە شەوو ڕۆژێکدا (16 تا 18) کاتژمێر زیاتر بخەوێت کە ئەم بڕە خەوەش لەچەنجارێك خەوتنی (3-4) کاتژمێریدا دەبینێتەوە چونکە پاش چەند کاتژمێرێك لەخەو پێویستی بەخۆراك هەیە، لەسەرەتادا ئەم ماوە کورت و پچڕپچڕانە دەبنە هۆی بێزاربوونی یان لەوانەیە لە شەودا چەندجارێك بەخەبەر بێتەوە و خەوت لێبزڕێنێت، پێویست ئۆقرەو ئارامت هەبێت کە منداڵەکەت بۆ ماوەیەکی کەم فێری شێوازی نوستنی گەورەکان دەبێت. هەندێك لە پزیشکی تایبەتی منداڵان لەو بڕوایەدان پێویستە دایك و باوك ڕێگا بە منداڵکانیان بدەن بۆ ماوەیەك زۆر بخەون بە بێخواردن، بەڵام هەمیشە لەبیریان بێت کە نابێت تەنها لەبەر خواردنی تاقە ژەمێك شیر منداڵەکەی لەخەو هەستێنێ، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵەکەی دوای هەر چوارسەعات جارێك خەبەری دە بێتەوە، پێویستە خۆراکی پێبدرێت. لەوانەیە باوك و دایکی منداڵە نەبەکامەکان لە هەفتەکانی سەرەتای ژیانی کۆرپەڵەکەیاندا لەبەر جووڵانەوە دەیانبەنە ژووری خۆیان، چونکە بە بوونی شوێنی جیا و جیاکردنەوەی منداڵەکە لەسەرەتادا دەبێتە هۆی دووری ئەمەش کاردەکات سەر خەوو خۆراکی منداڵەکە. پزیشکەکان پێیانوایە نابێ  منداڵ لە هۆدەی نوستنی خۆتدا بنوێت، چونکە کاریگەری لەسەر لەش ساغیو تەندروستی کۆرپەکە دەبێت. بۆ سەلامەتی منداڵەکە پێویستە هیچ شتێك نەخرێتە سەر جێگای منداڵەکە، کە کاربکاتە سەر خەوی منداڵەکە، وەك ( هەندێك شتی یاریکردن یان ئەو یاریانەی پەت و دەزووی پێوەبێت). ئەکادمیای تایبەتی پزیشکی منداڵان لە ئەمریکا ( aap) پێیان وایە منداڵان لەسەر پشت بخەون باشترە لەوەی لەسەر لا یان بەسەر گەدەیاندا ئەم بیرۆکەیە بۆ یەکەمجار لەساڵی 1992 دا ڕاگەیەندراوە.

باوەڕ وایە ئەو منداڵانەی کە لەسەر سك دەخەون زیاتر لە منداڵانیتر لەخەو هەڵدەستن، دووەم ئۆکسیدیکاربۆن خۆیان هەڵدەمژنەوە، چونکە لەم قۆناغەدا ساواکان ناتوانن هەستن و سەری خۆیان بجووڵێنن جگە لەوەیش لەوانەیە بەدەمدا خەوتن ببێتە هۆی خنکاندن، پێویستە منداڵ وەها ڕابهێنرێت کە لە شەودا بخەوێت ئەوەش کە نەهێڵن، هیچ هۆکارێك نابێ لە شەودا ببێتە هۆی خەو ڕزاندن وەك (قسەکردن و دەنگەدەنگ)، دەبێت منداڵەکە لەشوێنێکی کەم ڕووناکیدا بخەوێنیت و زۆر قسەی لەگەڵ نەکەیت،

پێویستە پێش ئەوەی منداڵەکەت بیخەوێنیت کۆمەڵێك لایلایە و گۆرانی چیرۆکی بۆ بخوینیتەوە، تاکو پێش نوستن پشوویەك بدات. ئەمانە بۆ منداڵێك دەبێت برێك گەورەبێت. وەکوئاشکرایە بەشێوەیەکی گشتی ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی خەوزڕان و نەنوستنی منداڵەکە، بەتایبەت برسێتی، نەخۆشی، جێگاتەڕی، خۆپیسکردن، ماندوو بوون و ژان و جل و بەرگی تەنگ و تەسك و سکچوون و ئازاری ناو سکی منداڵ.

## گیروگرفتەکانی نوستن لای منداڵ !

ئارەق کردنەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی تێکچوونی نوستن کە زۆربەی منداڵ تووشی دەبێت و منداڵ دەناڵێنی بەهۆی (ئارەق کردنەوە لەکاتی نوستندا و قسەکردن بەدەم خەو) و ئاگابوونەوە لە نوستن، بە بێ ئەوەی ئەگەر ئەو خەوەی پێویستی پێیەتی بە دەستی نەهێنابێ، ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆی تووڕە بوون و نیگەرانی و هەڵچوون و گران بیستن و زیادبوونی کێشەی منداڵ لە کاتی نوستندا!-

1 – بە ئاگا بوونەوە، بەخەبەر بوونەوەی زۆر لە شەودا.

2 – قسەکردن بەدەم خەوەوە لە ماوەی نوستندا.

3 – قورس و نەتوانینی لە نوستندا.

4 – وریا بوونەوە بەخەبەر بوونەوە بە گریانەوە.

5 – زۆر نوستن بەڕۆژ.

6 – خەو بینینی ناخۆش و ترسناك.

7 – میز بەخۆداکردن لە شەودا.

8 – پەلهاویشتن و جووڵانەوەی زۆر.

9 – ڕۆیشتن بەدەم خەوەوە.

10 – بە ئاگا بوونەوەی زوو زوو.

11 – خەو زڕاندن .

گەڕانەوەی زۆربەی کێشەکانی منداڵ لە نوستندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێك و پێك نەخستنی لانك، جۆلانە و نوین، هەست کردن بە نیگەرانی دەربارەی چوون بۆ جێگای نوستن و مانەوەی زۆر لەناو جێگادا، زۆربەی کێشە و گیر و گرفتی نوستن لە ئەنجامی نیشانەی قورس و هەست و سۆز پەیدا دەبێت، وەکو ( نیگەرانی و دابڕان و جیابوونەوە) کە نموونەیە بۆ نیشان دانی گەشە، دەربارەی منداڵی بچووك، کە هەمیشە هەوڵ دەدەن کە بۆنوستن نەچن، دوور نەکەونەوە لە کۆی خێزانەکەیان.

زۆرجار دایك لەو بڕوایەدایە کە تێرکردنی منداڵ دەبێتە هۆی یارمەتیدانی منداڵ بۆ نوستن و ئارام بوونەوەی منداڵ، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی منداڵ و بەجێ هێشتنی ماوەی منداڵی کۆرپەڵە،

پێویستە لەوکاتەدا هانی منداڵ بدرێت بۆ نوستن بەبێ‌ئەوەی خۆراکیان بۆ دابین بکرێت، چونکە زۆرجار ئەوخوراکانە دەبنە کێشەیەکی دیکە، پێویستە منداڵەکان زۆر بەوردی بپشکنن تاوەکو حاڵەتی( نەخۆشی و دەروونی مناڵەکە دیاری بکەن) چونکە هەندێکجار نەخۆشی ئەندامی دەبێتە هۆی ئارەق کردنەوە، وەکو ( تێکچوونی گەدە، قورسی هەناسەدان و بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی و ئازاری جۆراوجۆری لەش) و هۆکاری دەروونی وەکو ناکۆکی پەیوەندی نێوان دایك و باوك و نەگودجان لەگەڵ خوشك و برا و هاوڕێکانی لە قوتابخانە، لەم کاتە پێویستە خێزان هەوڵ بدات لەبابەتی تەندروستی هۆکاری نەنوستن لە منداڵدا بەتایبەتی ئارەق کردنەوەی منداڵ و ڕوونکردنەوەی کاریگەری تێکچوونی خێزان لەسەر منداڵ، و بەکارهێنانی سزادان وەکو هۆکارێك بۆ ناچارکردنی منداڵ بۆ نوستن، بەڵام دەربارەی بەکارهێنانی دەرمان بۆ نوستنی منداڵ پێویستە لەژێر چاودێری پزیشکدابێت بەتایبەتی لە باری دەروونییەوە بۆ چارە سەر کردنی گونجاو لەگەڵ ڕ`ۆڵی خێزان.

بەڵام دەربارەی باس کردنی خەو بینینی ناخۆش، لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ، کە بە درێژی شەو خەودەبینێ، خەوی جۆراو جۆر هیچ جێگای سەر سوڕمان نیە کە هەندێك لەو خەوانە ناخۆش بن و خەڵکی بێزاربکەن. زۆرجار کە منداڵ خەوێکی ناخۆش دەبینێ‌ن خێرا خەبەری دەبێتەوە بە گریان و قیژاندنەوە، ئالەو کاتەدا پێویستە خێزان زوو بچن بە هانایەوە تاوەکو بە زووترین کات هیمنی بکەنەوە، چونکە ئەگەر نەچن بەهانایەوە لەوانەیە ئەو منداڵە لەسەر ئەو حاڵتی ترسەی بەردەوامبێت و کاریگەری ومەترسی بۆسەر دەروونی منداڵەکە هەبێت و ببێتە هۆی دروست بوونی چەندەها کێشەی‌تر، بۆیە پێویستە کە خێزان منداڵەکەی ئارام کردەوە، دەربارەی خەوەکەی هیچی لێ‌ نەپرسێت. یان بە منداڵەکە بڵێ‌ ئەو خەوەی دیویەتی بۆی بگێڕێتەوە، ئەم پرسیارە زۆر خراپە چونکە تۆ بەو پرسیارە خەوە ناخۆش و ترسناکەکەی دێنیتەوە یاد. ئەگەر منداڵەکە هەر هەستی بە مەترسی کرد ئەوا تۆ گڵۆپی ژوورەکەی بۆ هەڵبکەرەوە، هەوڵ بدە جیگاکەی بۆ بگۆڕی تاوەکو زیتر ئارام دەبێتەوە.

دەربارەی خەو زڕان، ئەمەش حاڵەتێکی دیژوارە کە زۆربەی منداڵان ڕوو بە ڕووی دەبنەوە، بۆ ئەوەش پێویستە دایکان و باوکان پەروەردە کاران هەوڵ بدەن هۆکاری خەوزڕانی مناڵەکان بدۆزنەوە.جا بەهۆی جێگای تەڕ یان یان تەنگ و تەسك یان خۆ پیسکردن یان نەخۆشیەوە بێت، یان هەر هۆیەکی دیکە کە دەبێتە هۆی بێزار بوونی منداڵ. لێرەدا باسی هەندێك (سیفات) دەکەین بۆ چارە سەری ئەو کیشانەی منداڵ بە هۆیەوە بێزار و هەراسانە.

1 – ئەگەر منداڵەکەت ویستی لە ژوورەکەدا تۆزێك بنوێ ئەوا بە بیانووی ئەوە کە نوستنی شەوی کەم دەکاتەوە بەرگری لێمەکە، چونکە بائەوە بزانین و لەبیرمان نەچێ کە زۆربەی منداڵان لە ڕۆژیشدا پێویستیان بەنوستن هەیە.

2 – هیچکاتێك هەوڵ مەدەن منداڵەکان بە تۆپزی و زۆر بخەوێنن. چونکە تەنانەت مرۆڤی گەورەش ناتوانێت بە زەحمەت وزۆر بخەوێنرێت، بەڵکو بە ئارەزووی خۆی کە ماندوو بوو هەوڵ بۆ خەوتن بدات.

3 – پێویستە جێگای نوستن و ژووری نوستنی منداڵ هێندە شیاوو گونجاو بیت کە منداڵ تێیدا هەست بە ئاسایش و ئارامی بکات. دایك و باوك و پەروەردەکاران بەم پیویستیانەوە دەتوانن بیزاری و باری دەروونی منداڵ هێندە ئەهوەن و ئارام بکەمەوە، تا ئەو ڕادەیە منداڵ هەست بە خۆشی و شادمانی بکات.

بێگومان ئەو منداڵەی بە خویندنەوەی چیرۆك و لایلایە و لاواندنەوە و مۆسیقای ئارام و گونجاو بکرێتە خەو، قەت خەوی خراپ و خەتەرناك نابینێت.

## تۆیش بە دەم خەوەوە دەڕۆیت؟

چاو کراوەیە بەڵام هۆش بێئاگایە! ئەمەیش کارێکی یەکجار سەر سوڕهێنەرە کە دەڵێن ( مرۆڤ، بەدەم خەوەوە دەروات) بەڵام مرۆڤ، لەم حاڵەتەدا و بۆ زانیاری و چارەسەری ئەم حاڵەت و دیاردەیە زۆر بەکەمی ڕوو لە پزیشك دەکەن!؟

کاتێك باوك و دایك و خێزانی ماڵ منداڵەکانیان دەبێنن بەدەم خەوەوە دەڕۆن و ورینە دەکەن، بەداخەوە بەو پەڕی کەمتەرخەمیێەوە هەرگیز ڕوو ناکەنە پزیشکی تایبەتی ئەم دیاردە و نەخۆشییە ترسناکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێیان وایە منداڵەکەیان گەشەی کردوە و بەرەو گەورە بوون ڕۆیشتوە و بۆخۆی چاك دەبێتەوە.

ئەم ئاکار و کردارە واتە بە ( دەم خەوەوە ڕۆیشتن) تا (ناوەندی ئەم سەدەیەی) پێشوو جێگای تێرامان و لێکۆڵینەوەی پزیشکان و دەروونناسان بوو، چونکە ئەم کردارە تەنها تایبەتە بە مرۆڤەوە، و ئەم حاڵتە تێکەڵاوێکن لە بێهۆشی و ڕاستی ئەم حاڵەتە تووشی مرۆڤ، دەبێت کە بەدەمخەوەو دەڕوات و چەندان کاریش ئەنجام دەدات، جەستەیان لەم دنیایەدایە و هەڵس و کەوتە ئاسایی‌یەکانی خۆیان دەکەن بەڵام خۆیان نوستونو بێئاگان لەو کردەوانەی کە دەیکەن! زۆر ڕووداو و بەسەرهات هەیە کە پاڵەوانەکەی لە حاڵەتی نوستن و بێئاگاهی‌دا ئەنجامی داوە، وەك ئەوەی کەسێکی نوستوو سەیارەکەی لە گەراج دێنێتە دەرەوە. یاخود خۆیان لە شوێنێکی بەرزەوە فڕێ دەدەنە خوارەوە.

زۆرێك لە زانایان و پزیشکانی بوار خەو بینین تا ماوەیەکی زۆر پێیان وابوو کە ئەم حاڵەتە لەنوستندا بۆیە ڕوو دەدات، چونکە مرۆڤ، ئەوەی لە ناخی‌دایە کاتێکی‌تر بەو شێوەیە بۆی دەرنا بردرێت. هەروەهازورێك لە زانایان و لێکۆڵەوران (پژوهشگەران) لە ساڵی 1952 دا، زیاتر و فراوانتر جەختیان لە سەر تێگەیشتنی هۆ و هۆکارەکانی (خەو) و (خەوبینین) کرد. زانا لێکۆڵەرەوەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە مرۆڤی خەوتوو لەکاتی خەو بینیندا بیبیلەی چاوەکانی لەژێر پێلوە داخراوکانی چاوەکانیدا زۆر بە خێرایی دەجووڵێن، ئەمجۆرە جووڵەیەش ئەو ڕاستیە دەر هەخات، کە هەموو مرۆڤێك خەو دەبینێ بەڵام مەرج نیە کە بەیانی لەخەو هەستا ئەو خەوبینینەی وەبیر بێتەوە، هەروەها لێکۆڵەرەوەکان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیاندا ئەوەیان سەلماندوە کە مرۆڤ، کاتێ چاوی دەچێتە خەو و هیشتا لەپلە سەرەتایی‌یەکانی نوستندایە خەو دەبینێت، بەڵام کە خەو گەیشتە پلەیەکی زۆر قووڵ ئیتر مرۆڤ، خەو نابینێت، ئەگەر خەویش ببینێت ئەوا زۆر دەگمەنە.

هەر دوو زانا دەروونی‌ناسەکانی زانکۆی کالیفورنیای (ئەنتۆنی کیلن) و (ئالن جاکۆبس) کە لە پیشەنگی ئەو زانایانەن کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم دیاردەیە، واتە (بەدەم خەوەوە ڕۆیشتن) ئەنجام داوە. ئەم دوو زانایە لە ساڵی(1960)دا چەند تاقیکردنەوەیان بە ئامێری تاقیگە ئەنجامداوە بۆ پێوانەی ئەو شەپۆلانی کە لە مێشکەوە دەر دەچن، لە ئەنجامدا گەیشتوونەتە ئەو ڕاستیەی کە ئەوانەی بەدەمخەوەو دەڕۆن و چەندین کار ئەنجام دەدەن خەو بینین نیە، واتا، ئەو کارانەی کە دەیکەن، ئەوەنیە کە کەمێشك لە پلەی خەوبینیندا ئەنجامی دەدات، بەڵکو ئەم کەسانە کاتێك بەدەم خەوبینینەوە دەڕون، لەو پەڕی قووڵای خەو بینیندان و شەپۆلەکانی مێشك تێیدا هێواش و لەسەرخۆیە بیبیلەی چاو هیچ جۆرە جووڵەیەکی تێدا نی‌یە، واتە لەمحاڵەدا واتە لەمحاڵەتەدا هیچ جۆرە خەو بینینێك ڕوونادات.

لە ئەنجامی زیاتر لێکۆڵینەوە بەتایبەتی ڕۆیشتنی منداڵ بەدەم خەوەوە کە بەهۆی هۆکاری مێشکەوە ڕوون بۆتەوە کەکاتی ڕوودانی حالەتی لەخەودا ڕۆیشتن چەند شەپۆلێکی بە هێز و کارەبا ئاسا، بە مێشکدا تێپەڕ دەبێت کەدەبێتە هۆی زیاتر بە هێزبوونی مێشك، ئەم تەوژمە کارەبای‌یە بە شێوەیەکی ئاسایی لە (95٪)ی منداڵاندا ڕوو دەدات، لە نێوان تەمەنی (6–11) مانگی‌دا بەڵام کە گەورەتر دەبن ئەم تەوژمە ڕوو لەکەمی دەکات، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە منداڵ لەتەمنی پێش ساڵەوەختدا

هێشتا مێشکی بەتەواوی گەشەی نەکردوە، بەڵام کە گەورەتربوو ئەوا ئەو تەوژمە کارەباییە ڕوو لە کەمی دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکە ئیتر بەدەم خەوەوە نەڕوات.

ئەو کەسانەی تووشی ئەم حاڵەتەی ( بەدەم خەوەوە ڕۆیشتن) دەبن لەم حاڵەتەدا هەرگیز کارێکی زیانبەخش دەرهەق بە خۆیان ئەنجام نادەن بەڵکو وەك کەسێکی (ڕۆبۆتی) کارو هەڵس و کەوت دەکەن، زۆرجار کە قسەیان لەگەڵدا دەکەیت وەڵامت نادەنەوە، یان ئەگەر وەڵامت بدەنەوە بە بێزاری و غەڵبەغەڵب وەڵامت دەدەنەوە کە بەتەواوی لێیان تێناگەیت، تەنانەت ئەم کەسانە لەو کاتەدا هەست بە هیچ مەترسیەکی دەورو بەریان ناکەن و لە هیچ شتێك ناترسن،وەك ئەوەی کاتێك یەکێك لەوانە بەسەر شەقامێکدا دەڕوات ئوتۆمبیلێك بە خێرایی بەرەو ڕووی دێت لێی ناترسێت، یان کاتێك بەشوێنێکی بەرزدا دەڕوات هەست بە مەترسی ناکات.

زۆر جار زاناکان هۆی ئەم دیاردە واتە ڕۆیشتن بەدەم خەوەوە دەگەڕێننەوە بۆ ناکۆکی پەیوەندی نێوان دایك و باوك، بەتایبەتی کە وا لەمنداڵ دەکات هەست بە نائارامی و دوو دڵی بکات و دەروونی منداڵەکە بشێوێنێت. بەڵام سەبارەت بە مرۆڤی گەورە لەوانەیە پاڵەپەستۆی دەروونی زۆر خەم و پەژارە و هۆکارێکبێت بۆ دروستبوونی ئەم حاڵەتە، یان ئەو کەسانەی بۆ یەکەمجار و کتوپڕ لە خێزانەکانیان دوور دەکەونەوە، دەچنە شارێکی دیکە، یان ( کاتێ منداڵ سزا دەدرێت و هەست بە ترس بکات ئەم حاڵەتە دروست دەبێت، بۆیە پێویستە بەهیچ جۆرێك لە وەها حاڵەتێکدا نابێ‌منداڵ سزا بدرێت، چونکە سەر زەنش و سزادان حاڵەتەکە ئاڵۆزتر دەکات.

یان هەندێکجار بە مەبەستی ڕێگری لەم کارە واتە (بەدەم خەوەو ڕۆیشتن) منداڵەکە دەبەستنەوە، یان چەن دەفرێکی گەورەی پڕ لە ئاو لە بەردەمی‌دا دائەنێن، ئەمە ڕێگایەکی چارەسەری گونجاو نیە.

زاناکان بەردەوامن لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دۆزینەوەی چارەی گونجاو بۆ ئەم حاڵەتانە، ئەوسا لە چاخەکانی کۆندا وا دەزانرا کە دیاردەی ڕۆیشتنی منداڵ بە دەم خەوەوە لە داهاتوودا تووشی (فێ) لێهاتن دەبێت و مێشکی تێك دەچێت. بەڵام زانستی نوێ ئەو بۆچوونەی بە نادروست زانی و بەدرۆی خستەوە و بەڵکو هەموو خێزانەکانی ئەو جۆرە منداڵانەی دڵنیا کرد و سەلماندی کە ڕۆیشتنی منداڵ بەدەم خەوەوە لەتەمەنی منداڵیدا دیاردەیەکی ئاسایە ڕۆژگارێك دێت لە داهاتوودا بە شێوەیەکی سروشتی و خۆیان چارەسەری دەکەن.

نووسینی هێرۆ کەماڵ

ماموستای قوتابخانەی گوندی زرگوێزی سلێمانی

# نـــامە

**بۆ هاوڕێیان شەهاب مەنمی، مەهابات قەرەداغی، ئاسۆبیارەیی، هیوا عەزیز، ئازاد قەفتان و جەعفر کەریمی.**

سەرەتای هاوینی 2005

پاش نزیکی دووساڵ چاوەڕوانی سەفەر و نیشتە جێبوونم لەکوردستان، ئەوە بوو لە سەرەتای پایزەوە تا ناوەڕاستی زستانی ئەمساڵ بۆماوەی چوارمانگ و نیو پاسەوانی مەرگ بە بەژن و باڵا بڕابوو.

لەسەر خواستی ماموستا عومەر ئەحمەدزادە، وڵاتی قانوونی و جێگای حەسانەوە و کارو تێکۆشانی پتر لە 13 ساڵم بەرەو باڵەخانەی خەم ی ماموستا عومەر و دادە پەروانەی جەرگ و دڵ سووتاو بەجێ‌هێشت.

پاش زیاتر لە 30 ڕۆژ هاوبەشی خەم و پەژارە و خوڵك و خۆشەویستی و میوانداری بە دڵی کەیل و ماڵاماڵ لە جەخارەوە، بەناچاری و دڵی پڕ لە هیوا و جەستەی شەل و شەمزاوەوە لە فرۆکەخانەی (کۆڵن)ی ئاڵمانەوە خانەخوێ ڕەشپۆش و تازیەبارەکانم بەجێ هێشت و بەرە و هەواری (گۆنگ) نادیار واتە کەرکوك بۆ مەبەستێکی پیرۆز ڕەوانە کرام.

تەئسیری هاوبەشی خەم و پەژارەی دۆستانم و زستانی سەختی وڵاتی ئاڵمان و زستانی تەمەنی خۆم. وەك دوژمنی یەکگرتوو بێڕەحمانە بەو پەڕی تووڕەیی تەوژم و توانایانەوە تووشی نەخۆشی و پشتێشەیەکیان کردم، کە قەت چاوەڕوانم نەکردبوو.

بەنەخۆشی ناچاری و ناتەواوی لە فرگەی ئاڵمانەوە بە سێ‌قۆناغی ناو بەناو و مەحتەڵ بوونی 3 تا 10 سەعات لەسەر کورسی ڕەق و تەق، لە کۆڵنەوە بەرەو ئانکارا و لەوێوە بەرەو فرگەی (ماردین) و لە وێشەوە بە تاکسی بەرەو سنووری داتاشراوی سلوویی و زاخۆ. تەنیا خۆم دەزانم چ بیرەوەریەکی تاڵ و شیرینی ناوچاوانی گرژ و مۆنی پۆلیسی پیسی تورك و خوڵك و خۆشەویستی سنوورەوانانی پارتی دیموکراتی کوردستانم لە میشکی خۆمدا تۆمارکرد، تاگەیشتمە میوانخانەیەك لە شاری زاخۆ، دەتوانم بڵێم: تێپەڕبوونم لە سنووری دەسکرد و داتاشراوی تورك و وارد بوونم بە سنووری ناوچەی ئازادکراوی چمکێك لە کوردستانی هەمیشە شەق و پەق کراو، بۆمن وەك تێپەڕ بوونم بەسەر جەهەنەمدا و گەیشتن بە چمکێکی چکۆلەی بەهەشت وابوو.

هێندە بە دیقەت و تامەزرۆییەوە سیمای کوردستانی پێشێلکراوی ژێر پۆستاڵی پۆلیسی تورك بەتایبەت شارۆچکەی ئالوودە و لیخن و تێکشەمزاوی (سلوویی) مێشکمی مەشغوڵ کردبووم، بەڵام ((خوڵك و موحیبەتی پاسەوانانی خۆماڵی ئەمبەری پردەکە و

ناوشاری زاخۆ شوێنەواری شوومی  ئەوسای  "ڕایات" 1* و حاجی هۆمەرانی لە بایەگانی میشکمدا کەمڕەگ کردەوە))*2 وەك مارانگەزتەیەکی "تلیاك" دەرخوارد دراو، بۆ ماوەی 24 سەعات گشت ئێشی پشتێشە و شان و پیل و لاق و لۆقم فەرامۆشکرد.
ماندوویی ناو ڕێگەی زیاتر لە 24سەعاتی ئاسمانیو زەمینی و ناونوینی باشترین ئوتێلی تایبەتی تورست، بوون بە مەڵهەمی



گشت جەستەی ناسۆر و کفت و کوتراوم. سەعات هەشتی بەیانی بە تاکسی‌یەکی تایبەت و دەربەست، کە مەشیا بەرەو کەرکووك هەواری گرنگ و گۆنگ و نادیار بچم، بەڵام بەرەو سلێمانی وەڕێ کەوتم. بێئەوەی هیچ خزم و خۆشەویستێکم  لە هاتنەوەم ئاگادار کردبێت.
گەرچی 19 ی مانگی ڕەشەمەیە و بە گوێرەی بەراورد و لێکدانەوەی کوێستاننشینان هیشتا دەرۆژی ساڵی کۆنەمان ماوە، بەڵام سەرەتای بەهاری گەرمێن نشینانە.
دیمەنی دەشت و دەری ئەمبەرەو بەری جادەی زاخۆ بۆ دهۆك و دهۆك بۆ ئاکرێ و پردی  دەربەندی پشت کەڵەکی یاسین ئاغا، کە پڕە لە گوڵاڵە گەزیزە، و بەتایبەت گوڵاڵە نێرگس، دەشت و داوینی چیا بەرز و بڵندە سەرسپی و ناوقەد خاڵخاڵەکانی بادینان و سۆران، کە ناوبەناو سکی ئاسمانی پڕ لە پەڵەهەوری ڕەشی ئاوسیان دڕیوە، لووتکە کێوی سەر بەمەندیلی سپی و گەردنی خاڵخاڵی پڕلە ملوانکی بەفرینیان لە ورگی هەورە ڕەشەکانەوە هێناوەتە دەر، جاروبار و ناوبەناو پەڵە هەورە ڕەش و ئاوسەکان یەکدەگرنەوە و بە هەموو هێز و هەورە تریشقەکانیانەوە، دەڵێی میرغەزەبن بێڕەحمانە بەلاسامە و تاوە تەرزە، وەك وەیشوومەی شەڕ  سەر و گویلاکی گوڵاڵە گەزیزە و سوێسنە و نیرگس و چرۆ و گوڵاڵە و هەڵاڵەی  باخە کۆخ  و سێو و چوالەکان دا دەپڵۆسن.

ئای چ دیمەنێکی شاز و بەهەڵکەوتم بینی، لەکاتێکدا گشت دەشتاییەکان دەڵێی گۆلی زرێوارن بە تایبەت دەشت و داوێنی پیرەمەگروون بە شارۆچکە بەزۆر خولقێنراوەکەیەوە، بە شوێنەواری پەنجە عەقڵیەتی شوومی سەدامەوە. بەتایبەت لە نێوان تاسڵووجە، و کەنەکەوە و بەکرەجۆ دا،  باراناوی مەنگ پەنگی ناو کێڵگە و جۆگە و جۆبار و جادە و شەقامەکان پەنگیان خواردۆتەوە.
ئالەم هەلوو مەرجەدا  بە بەردەم بارەگای سکرتاریەتی یەکیەتی نیشتمانی و بەردەم بنکەی ئەوسای حیزبی کۆمۆنیستی هێشتا ویرووس لێنەدراو و ئێستای ویرۆس لێدراو و  شەق و شڕکراودا. سەرەنجام پرسان پرسان لەبەر دەرکی خاڵۆ عەودە قاڵقاڵی‌دا، دابەزیم و کرێی شۆفیرەکەم زۆر بەزیادەوە دا و ماڵاواییمان لێك کرد. پاش پازدە ساڵ دووری و چاوەڕوانی بۆیەکەمجار لەگەڵ خوڵك و موحیبەتی بێنەزیری خاڵۆ عەود ڕوو بەڕوو بووم. هاوکات و بەهەڵکەوت لەگەڵ کۆنە هاوڕێی خۆشەویستی ئەوسای ناو بەندیخانەی حەمەڕەزاشا و سەنگەری خۆ و خەڵك پاراستن بەتایبەت دەورانی یەکیەتی جوتیاران لە بەرابەر(هێزە چەکدارەکانی جەمهووری ئیسلامیو حیزبی دێموکرات) ڕووبەڕوو



بووم، بەڵام بەداخەوە سەدجار بەداخەوە! ئەو کونە هاوڕێیەم، واتە کاك محەمەدی شافیعی، موحیبەتەکەی سیاسیانە بوو نەك سادقانە! چونکە ئەو لە پلەوپایەی بەرز و بڵیندی حیزبایەتیدایە و من (موتەنەفر) لە هەرچی حیزب و حیزبۆکەی زەمینی و ئاسمانیم، دیارە دیسان دەبێ بڵێم بە داخەوە، هێلکەی دووزەردێنەی ئەوسای من و ئێستای ئەو و هیچ  سیاسەت و مەدارێك هاوکات و پێکەوە بەسەر گوریسێکەوە ناوەستێ!؟

بەوحاڵەش مەشیا یەکەمین لاپەڕەی دەفتەری نوێم کە کارو کۆششێکی نوێتر و مودێرنترمە بۆ خاڵە عەودە و کۆنە هاوڕێکەم، کە کاک محەمەدی شافیعیە هەڵدەمەوە.

ئەویش بیرۆکەی پیکهێنانی یانەی پەروەردە و پێکەوە ژیانی منداڵانی فرە ڕەگەزی لە گەڕەکێکی فەقیر نشینی شاری کەرووکە.

پاش چەن ساتێك لەچەن ساتەکانی ئەوەڵی خۆشامایی و میوانداری گەرم و گوڕی خاڵە عەودە، جا وەك مارێکی بریندار و شەل و شکاو، ئۆقرە و ئارامم لێبڕا، نازانم ئەو حاڵەتە چۆن بەیان بکەم، لەواقیدا بە پێی هەڵس و کەوت وەك منداڵێکی شەپلە لێدراو و شەلەل، مەشیا دەست بە دارو دیوارەوە بگرم تا بتوانە بچمە دەسشۆری و بێمەوە ناو نوێنەکان.



پاش دوو شەوو دوو ڕۆژ هاوڕێی خۆشەویستم کاک عومەر میرخان هات و بردمیە ماڵی خۆیان، بۆ ماوەی حەوتویێك شەلەشەل و عاسا بەدەست، سەردانی چەن پزیشکێکم کرد. یەکەمیان چەن (حەب)ی بۆ نووسیم، بێفایدە بوو، دوهەمیان کە تەنها شێوە وەرزشێکی وەك عیلاج بو دیاریکردم و وتی:

عیلاجی تۆ تەنیا ئەو نموونە وەرزشانەیە کە پێم نیشان داوی پێویستە ئەو عاسایەش فڕێدەیت و قەت شتی قەدورس هەڵنەگری و ئەمجۆرە قورسانەش نەخۆی.

سەرەنجام بە قسەی ئەو دوکتۆرە و تەجرەبەی خۆم وەك منداڵێکی تازە پێڕەوکە کەوتمەوە سەرپێ و وە دوای ئامانجەکانم کەوتم. لە یەکەمین دانیشتنم لە گەڵ کاک عوسمان عەسکەریَ کرد، پێمان وابوو لەم هەل و مەرجەدا و ڕەنگە تاساڵیانێك ئەو ئاواتەی کەرکووکم بۆ نە گونجێ. سەرەنجام نیەت و ئاوات و ئارەزووی خۆمم لە چەند پاڕاگرافدا تەسلیمی وزارەتی پەروە و ناوخۆی هەرێمی کوردستان کرد.کە ئەمە دەقی دەرخواستەکەم بوو.

## ئامانج و ئاواتی عەلی کیتابی

بۆ بەرێز وەزیری پەروەردەی هەریمی کوردستان.

وێنە بۆ بەرێز وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

لەگەڵ ڕێزو سلاوی سەر دەبیری گۆڤاری جیهانی منالآن و یانەی سارای منالآندا، ئەوسا لە سلیمانی و ئێستا لە سەقز و سنە.

بەرێزان من سیَ ساڵ لەمەوە پێش دووراو دوور لە کیشوەری سوێدەوە توانیم بیرۆکەی بونیادنان و وەکار خستنی یانەی سارای منداڵان، کە سالەها زەحمەتم بۆ کیشابوو، بە ئیجازی ئێوەی و بە سەرپەرشتیاری مامۆستا ڕەوف حەسەن و لەیلاخانی خێزانی بۆ ماوەی زیاترساڵێك لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی بەئاکام بگەیەنم و پاشان لە شارەکانی سەقز و بۆکان و سنەیش بیخولقێنم. بۆ ئیسباتی نیەت وهەست و خواست کردەوەکانی ئەوساو ئیستام چەن فیلم و گۆڤار تان پیشکەش ئەکەم بەو هیوایەی بە ئیجازە و هاوکاری مادی و مەعنەوی ئێوەی ئازیز بتوانم هەموو هیز توانای مادیو مەعنەوی خۆم بۆ وەگەڕ خستنەوەی سەر لەنوێیَ یانەی سارای منالان لەیەکێك لە گوندەکانی دەورو بەری شاری سلێمانی بە شیوەیەکی شیاوتر مودیرنتر، زیندوو بکەمەوە.

جێگەی شانازییە کە دۆستانم لە گوندی زرگوێز بۆ ئەم نیەتەی من کە خزمەتکردن بە منداڵەکانیانە بە باوەشی ئاوالەی پیشوازیم لیَ دەکەن.

بەر پرس و بونیانگوزاری یانەی سارای منالان و سەردەبیری گۆڤاری جیهانی منالان لە سوید و سلێمانی

2005/1/ 10 عەلی کیتابی

لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە زۆر ستایشکرام و وتیان:

ئیمە بە مرۆڤی کوردی بەدەربەستی وەکتۆ خۆشحاڵین ئەمەیەکەمجارە کەسێکی وەکتۆ و بە بەڵگەی ئاوا شایستەی ستایشی مرۆڤدۆستییەوە ڕو بەڕو دەبین، جەنابت پێویستە چۆن خۆت بە ئێمە ناساندوە، ئاوەهایش بەم بەڵگە و مستەمسەکانەوە خۆت بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم بناسێنی دڵنیابە بەو پەڕی خۆشحاڵیە وە وەرت ئەگرن، ئەوسا ئێمەیش بە شانازی و بە پێی توانامان یارمەتیت ئەدەین، چونکە تۆ شانت داوەتە بەر کۆڵەبارێك لە ئەرکەکانی سەرشانی ئێمە، گەرچی کارەکانت بە قەوارە بچووکن بەڵام لە بواری ناوەرۆك و مەعنەویەوە زۆر قورس و گرنگ و باییدارن.

کە چوومە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، ئەوانیش هەمان هەڵویستی وەزارەتی پەروەردەیان هەبوو، پشتگیری و ئیمزای داواکارییەکەیان کردم و وتیان دەبیَ داخوازییەکەت تەقدیمی بەشی یاسای

وەزارەتی ناوخۆ بکەی تا بە شێوەیەکی یاسایی یارمەتیت بدرێت. ئەوانیش بە ڕووی گەش و بەشاشەوە وتیان کارەکەت جێگای خوشحاڵیمانە بەلاَم تۆ ناتوانی ڕاستەوخۆ بەر پرس و سەرپەرشتیاری کارەکەت بێت: چونکە تۆ ئێراقی نیت، پێویستە وەك چۆن سەرەتا مامۆستا ڕەوف حەسەن هاوسەرەکەی سەرپەرشتیاری ڕەسمی و قانوونی کارەکەت بوون، ئیستایش یادەبێ ڕەگەز نامەی ئێراقیت وەرگریت یا کەسانێکی ئێراقی بکەیتە وەکیل کاروبارەکەت وەك ئەوسا بۆ بەرێوە بەرن.

سەرەنجام لەسەر خواست و ڕێنوێنی بەشی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەریم بە دەرخواست بەڵگە و مستەمسەکاتی کردەوەکانمەوە، بۆ وەرگرتنی ڕەگەزنامە ڕومکردە بەرێوە برایەتی گشتی ڕەگەزنامە. لەوێیش لەگەڵ خولك خۆشەویستی بەرپرسی کاروباری ڕگەزمامە ڕوبەڕو بووم. (عەقید حەمەسەعید عەلی ئەکبەر) وشەیەکی بەکارهێنا گشت ئێش و ئازار و شەکەتی ڕێگەی لە لەشم تاراند وتی:

تۆ کە خزمەتت بە منداڵانی کورستان کردوە و دەیکەی ئیمەیش دەبێ خزمەتی تۆ بکەین.

لە ماوەی دوو سەعاتدا کارو باری سەرەتایی تەواو کرد و سێ نامەی ئیمزاکراوی پێدام و وتی:

ئەم سێ نامەیە دەبەیتە بەشی لیژنەی پزیشکی و ئاسایش و پەنجەمۆر وەلامەکەیم بۆ بێنەوە کارەکەت بۆ ئەنجام دەدرێت.

من کەوتمە دوای کارەکانم سەرم بە هەر ئیداەیەکدا دەکرد، بەو پەڕی حورمەتەوە کارەکەیان بۆ ڕادەپەڕاندم بەکورتی بڵێم لە ماوەی مانگیکدا گشت کاری قانوونیان بۆ ئەنجام دام، بەلاَم بە قسە ئاسانە بۆمنی پیر و شەکەت! لە دواڕۆژەکانی ئەنجامی کارەکەمدا کە بەدەس گەرماوە وەڕەس بووم، کەوتمە پرتەو بۆڵە. ئەفسەرێکی لاو بەڕووی گوش و بەشاشەوە وتی:

هەست بە زەحمەت و ماندوو بوونت دەکەم حەقیخۆتە منەتیشمان بەسەردا بکەیت، من لە جەنابت دەپرسم، چەن ساڵی خایاند تا دەوڵتی سوید تۆی بە هاو وڵاتی خۆی قبووڵکرد و ڕگەزنامەی پێدای. ئیستا ئێمە بە کەمتر لە مانگی گشت کاروبارەکانمان بۆکردووی ڕگەزنامەکەت ئامادە کراوە.

کەوتم چوارساڵی پیچووە تا دەورانی پەنابەریمیان هەلۆەشاندۆتەوە و کردوومیانەتە هاو وڵاتی خۆیان و ئیستا و تامردن هاو وڵاتیەکی سوێدیم. وتی:

بەخوا وەلاَمەکەت هێندە ڕاست و ڕەوان و بێ گرێو گۆڵە، ئەو زەحمەتەی چ لە سوێد و چ لێرە بۆت کیشراوە، وەك شیری مەمکی دایکت بۆت حەلاَڵە.

عەلی کیتابی

## چمکـێکی چکـۆلە لە ڕۆمانـــی

## ســـارا

بەشی 14چواردەهەم

تازە دو حەفنە بە سەر زەماوەندی بێهەڵپەڕکێ و شایلۆغانی ئەحمەد و کلاَوزەڕدا تێپەڕیوە. پوورە مروەت زۆر بە لێزانی و دڵسۆزییەوە بە چەن خێخ، هۆدەیەکی خشپیلانەی لە سووچێکی شادەواری حەوت ئەستوونی خۆیدا، بۆ ئەحمەد و کلاَوزەڕ، برداوە، مەگەر بۆکاری شەرعیە کاتی"شەوباخەڵ دەنا بستێك لە خۆی دووریان ناخاتەوە. کلاَو کارو داروباری تەونکردنەکەی بردۆتە ناو هۆبەی تایبەت و تەرخانکراوی خۆیو ئەحمەدەوە.

خێڵ خەوتنانە، بەشێك لە شەوگاری کورتی بەهاری تێپەڕیوە، پوورە مروەت لە هۆبەی تایبەتی خۆی کە بەتەك هۆبەکەی ئەحمەد و کلاَوزەوەیە، خۆی کردوتەخەو جاروبار بە پرخە پرخی خەوی سروشتی بووك و زاوا و خاوو خێزان ئارخایەن دەکات، بەلاَم زۆر بەدیقەت و وریاییەوە گوێی بۆ سرکەسرك و ڕازو نیازی بووك و زاوا شلکردوە، کلاَوزەر بە عیشوە و نازێکەوە دەڵێ:

– ئەحمەدگیان: ئەوەی ڕاستیبێت لەو شەوەوە بە شەرعی بووینەتە ئاو سەر و سەرینی یەکتری، لەخۆشی تۆ هیچ شەوێك لە سەعاتێك زیاتر خەو ناچێتە چاوم، تا ئەو کاتەی کاکە سەمینم مێگەل بۆ دۆشین دێنێوە پەچە، من و خوشکەکانم هەڵدەستین دەسبە دۆشینی مێگەل دەکەین و دێینەوە، ماشەلاَ تۆ هەر لە شیرین خەودای؟ ئەحمەد گیان پرسیارێکو پێشنیازێکم هەیە؟ هەر دوێنێشەو ویستم پێت بڵێم بەلاَم پرکێشیم نەکرد.

ئەحمەد دەست دەکاتە ئەستۆی کلاَودزەڕ، ڕوومەت و لێوەکانی ڕادەمۆسێ و دەڵێ:

– ئازیزەکەم بەرلەوەی وەلاَمی پرسیارو پیشنیازەکەت بدەمەوە تکات لێدەکەم قەت پرسیار و نیاز لە دڵتدا حەپس مەکە، بە زووترینکات پێم بڵێ. جا ئێستا فەرموو پێم بڵێ تابزانم پرسیار و پیشنیازەکەت چییە؟

– پرسیارەکەم ئەوەیە تۆ کە زیاتر لە مانگێکە هاتوویتە ناو ئەم ماڵە، من هەموو هەستان و دانیشتن و وتار و کردار و بگرە هەناسە هەڵکێشانیشتم گرتۆتە ژێر چاو دێری، تۆ تازە دووسێ شەوە خەو وەها بەسەرتا زاڵە! لەگەڵ سەردەکەینە سەر سەرین و کاری شەرعیمان ئەنجان دەدەین خێرا خەو دەتهێنێ بەلادا، بە پێچەوانەی تۆ من خەو لە چاوەکانم دەتۆرێ تا بەیانی دەبمە کێشکچی تۆ، تۆ جارجار بەدەمخەو و وتو وێژ و وڕینەوە هەناسەگەلێکی سووتێنەر هەڵدەکێشی، دەبنە گڕ و بڵێسە بورکانێك لە دەروونمدا نیشتە جێدەبن تێگەیشتی؟

ئەحمەد وەك ڕەشماریک خۆ بەدەور تووله نەمامێکدا بئالێنی، بەوپەڕی خۆشەویستییەوە خۆی ئالاندە قەد و باڵای کڵاوزەڕ، قامکەکانی توندکردە ناو پەنجە نەخش و نیگار خولقێنەرەکانی و وەك منداڵێکی برسی دەم بە مەمکی دایکییەوە بژەنێ ئاوەها دەستی کرد بە ڕامۆسین و هەڵمژینی دەم و لێوەناسکەکانیەوە و بۆماوەیەك سرکە و ورکەیان لێبڕا.

پووره مروەت لەودیوی چێخ و بەرچێخەکانەوە، گوێقوڵاخی وەڵامی ئەحمەدە، پاش چارەکەسەعاتێك جا دیسان سرکەسرك و چپەچپ دەستپێدەکەنەوە، ئەحمەد دەڵێ:

– ئازیزەکەم من زۆرباش لە پرسیارەکەت تێگەیشتم تکایە پێشنیازەکەیشت بڵێ کڵاو دەڵێ:

– ئەوەی ڕاستیبێ دوێنێ شەو پاش... کەتۆ خێرا خەوت لێکەوت من ویستم فانۆسەکە داگرسێنم و گشت سلسلەو پلپلەی کەڵکیتەك بە دەسماڵێکە ببەستم و تا بەیانی خۆم بە مافووره تەنینەوە خجڵ کەم، بەڵام لەترسی ئەوەی بە کوتەکوتی کەڵکیت وەشاندنەوە خەوت لێحەرام نەکەم پەشیمان بوومەوە. پێشنیازەکەم ئەوەیە ئایا تۆ بە زرە زڕ و خرینگە خرینگی سلسلە و پلپلەی کەڵکیت و دەست و پەنجەی من ناڕەحەت نابی؟

– جا گوێگرە بۆ وەڵامی پرسیار و پیشنیازەکەت:ئەوەی ڕاستیبێت من تا کو ئێستا گیرۆدەییەکەم دوولانەبوو بەڵام ئێستا سێلانە گیرۆدە و گرفتارم!؟ ئازیزەکەم: هەرکە کەمن هەست بەو گشتە شەهامەت و کەرامەت و سەداقەتەی دایکت وکاکەسوارە دەکەم.. هەروەها و بەتایبەت کە هەست بە عەشق و عەلاقە و خۆشەویستی و دڵسۆزی خۆت دەکەم: ئەوسا زیاتر هەست بە (ئەوینی بەئاکام نەگەیشتووی سارای جوانەمرگ)دەکەم. لە ڕاستیدا دەبێ بڵێم:

– خۆشەویستی و نەرم و نیانی ناو باوەشی شەوانەی تۆ، بیرەوەری تاڵ و دڵتەزینی مەرگی سارا و ترسی ناکامی و (ئەگەر)ی ژیانی هاوبەشیمانە کە شەوانە بەندی دڵم دەتەزێنێ و من سست و مەست و نەخۆش و بێهۆش دەکات و تۆ دەکاتە کێشکچی و پەرستار! لەگشت گرنگتر فیراق و مەراقی دایکە پیر و پەك کەوتوەکەمە کە بەتاقی تەنیا لەچواردیوارێکی ڕەق و تەق و دووکەڵاویدا بێکەس و وەڕوێرکە، مەگەر خێرۆمەن بەخێری خۆیان گۆزەڵە ئاویکی بۆ بێنن و سیپاڵکانی بۆ بشۆن، هێندە پیر و پەککەوتوو و بێهێزە، دەبێ بۆ درو ژووری ماڵ دەس بە دارودیوارەوە بگرێ.

دیسانەوە ئەحمەد و کڵاو بۆ ماوەیەك سرکە و ورکەیان نەما. پاش ماوەیەك بێدەنگی ئەحمەد هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

– ئایا ئێستا هەستت بە گیر و گرفتە سێلانەکەم دەکەی؟ ئازیزەکەم لە وەڵامی پرسیارەکەی تریشتدا دەڵێم:

– زرینگەزرینگی سلسلەو پلپلەی کەڵکیت و خرینگەی خڕخاڵی مەچەك و گۆبەرۆکت، نەواو نەغمە و مۆسیقایەکی گیانبەخشە بۆ میشك و ڕۆحو دەرونی کەیل و هەمیشە هەڵوەدام بۆ وەچنگ هینانی پاروە نانێکی سەرەفرازانە و وەدەسهێنانی ڕەزایەتی دڵی دایکە هەمیشە خۆشی نەدیوەکەم. گیانەکەم دەهەستە هەستە هەر ئێستا دەسبەکاربە، بە دەنگی مۆسیقا ئاسای سلسلە و پلپلەی کەڵکیت و خرینگەی خڕخاڵ و بۆنی مێخەك و سملی سیخمە و سنگ و بەرۆکت مەست و مەدهۆشمکە، بەهەشتێکم بۆ بخولقێنە.

تیشکی زێرینی هەتاو لە دوندی قەرەخان و ماڵەگەورە و ناوگویزانی گوندی (میشیاو)ەوە سەری دەرهێناوە و سڵاوو ڕۆژباش پیشکەشی قوللەی (قەڵاتەڕەش) (پڕەژاڵ) سەرتەختی عاوەڵان کردوە. تازە ئەحمەدیش بە دەنگی زەنگی گەردنی نێری و مێگەلی ناوپەچە و قاقای پێکەنینی شۆخە ژنان و کچانی مەردۆشی هۆزی شاتری خەو هێنای بەلادا.

ڕاز و نیازی ماڵاماڵ لە خۆشەویستی و سەداقەت و سەمیمیەت کڵاوزەڕ و تێبینی ئاقڵانەی ئەحمەد، بۆ ئاکامی ژیانی پاشەڕۆژیان، چپەچپ و سرکەسرکی ئەحمەد و کڵاوزەڕ لەودیوی لۆی تاکە چیخێکەوە، بۆ سالارە ژنێکی ژیر و ژۆڵی وەك پوورە مروەت بەباشی هەستی پێدەکرێ، هەربۆیە پاش کۆتایی ڕاز و نیازیان، بە دڵێکی پڕ لەپەژارە و خەم و خەیاڵاتەوە شەوگاری کورتی بەهاری لێبوە شەوگاری درێژی پایزی و مۆتەکە، بۆیە بەداڵغە و خەم و خەفەتەوە خەوی لێکەوت.

* * *

سەعات دووی پاش نیوەڕۆیە، زۆربەی هەرە زۆری پیاوە بە ساڵاچوانی هۆزی شاتری لە ژێر دەوارەکانیان هاتوونەتە دەرەوە لە سەرکانی و بن دارتووەکانی دۆڵی تووە سووران کۆبوونەتەوە، پیرەپیاوێکی بەساڵاچوو و دنیادیدە دەڵێ:

– عەشرەت من لەوەی کە ئێوە، ئەمە حەوتوێکە گوایا بۆ پارێزگاری ڕان و ڕەوگ و شوان و شەگەل تفەنگچی دەنێرنە سەر بەرزاییەکانی سنوور .. بەکارێکی ساویلکانە و منداڵانەی دەزانم. ئەوەی بیست ڕۆژ لەمەو پێش لە دۆڵی دەرە تورکانی گوندی دوپلوورەدا ڕوویدا، لاوێکی جوامێر و لێهاتووی کەقەت بۆ دەیان تفەنگچی و ژاندارە شڕۆڵەی ئیرانی لاینەدەکردەوە، بەڵام بەدەس سەربازە خویپرلەیەکی ڕەزاشا لەخوێنی خۆیدا گەوزینرا، تفەنگ و ڕەختەکەشیان برد، خێرۆمەن مەیتەکەیان بۆ دایك و باوکی کوڕ کوژراو هێنایەوە. لەو ڕۆژەوە تائێستا تاقە بزنە گەڕۆڵیکی هۆزەکانی ڕۆخزایی و تەرخانی پایان نەناوەتە سەر بستێك

لەوەرگەی ئەو دیوی سنووری شلێر و سەرشیوی مەریوان هەرکات کویچکەی بزنێکی جاف گەیشتبێتە لێوارەی سنوور بە گوللەی سنوورەوانانی عەجەم کونکون کراوە. هەروەها مامەی پیرە بەنیگەرانیەوە دەڵێ:

– خزمینە! ئەوەی ڕاستی بێت، ئیتر من نایەڵم کوڕەکانم بە تفەنگەوە شەوانە لەگەڵ ڕەوگ و مێگەل بچنە ڕوکاری قەڵاتەڕەش و پەڕەژاڵ دا، جابا ئێوە بڵێن مامە ڕۆستەم ترسەنۆکە و و کوڕەکانیشی حیزەڵەن بۆیە مخالفی ڕاو تەگبیری عێل عەشرەتە. خزمینە ئێوە دەبێ چاو لە حەنای ئەو ڕاستییە نە نووقێنن و دان بەوەدا بنێن ئەگەر هۆزی قالەفەتە و مەحموو فەتەی دەستە برای کاکە سوارە نەبوایەن، تا ئێستاش ئیمە تەرمی شوانە شەگەل و مێگەلی خۆمان بەکۆڵی خۆمانەوە بینیبوو. ئەوە مەحموو فەتە و قالە فەتەن بە وریایی و لێزانییەوە نەیانهێشتووە جاش و جەندرم برژێنە ناو مەڕ و ماڵاتمان و بەشەق و قسەی سووک و ناشیرین سەگ و شوان و شەگەلمان وەپێش خۆیاندەن، یان وەکوو سنووری مەریوان، لەملەی مێڵەك و دۆڵی دەرە تورکان لاوی جاف بکوژن مەڕ و ماڵاتیان بەتالان بەرن.

سوارە بۆ سەلماندنی قسەکانی مام ڕۆستەم و حورمەتی خۆیو مەحمووفەتەی دۆست و برادەری خۆی دەڵێ:

– لەو ڕۆژەوە (خولەپیزە) ئەفسەرێك و بیست سەربازی دەوڵەتی تارانی لە پەنای گوندی چنارەی مەریوان دا کوشتوون و چەك و چۆڵە کانیانی بە غەنیمەت بردوە، دەوڵەتی تارانیش حوکمێکی تازەی ئاوای دەرکردوە. سنوورەوانانی ئێرانی واتە جاش و جەندرمەکانی پالەوی لە لێوارەی سنووردا ئیجازەیان پێدراوە هەرکەس بکوژن و بگرن و تالانیکەن. گشت گیراوان واتە (ئەسیران)ی سنوور، سەریان هی دەوڵتی شای تارانە و ماڵیان هی جاش و جەندرمەیە، هەروەك چۆن عەرەبەکان لەکاتی (فەتحی) کوردستانیان لە سەردەمی خەلافەتی ئیمامی عومەردا! کوردەکانیان دەکوشت و تالانیان دەکردن و ژن و کچەکانیان ( بەجاریە) دەبردن. بەفتواو فەرمانی قورعان و خەلیفەی ئیسلام ژن و کچە عازەبی جاریەش ملکی شەرعی و قانوونی لەشکریانی ئیسلامە، بێ مارەکردن و ڕزامەندی، ژنان و کچانی "جاریە" واتە دیل، ئەسیر! سواریان دەبوون و وەك کۆیلەش دەیانفرۆشتن و بە کرێیان دەدان.

قەوم و برای هۆز گشت هەست و هۆشیان بۆ قسەکانی ئەوسای مام ڕۆستەم و ئیستای شاسوار شلکردوە، سوارە برێك پیش دەخواتەوە و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ دەڵێ:

– دەك دایکم بە قوربانی دایکی خولەپیزەبێت، یاخوا قەت دایکی ڕۆڕۆی بۆنەکات. تا ئێستا خەڵکی پێیان وابو کە خولەپیزە تەنیا دوژمنی پۆلیس و جاشپۆلیسی عەرەبە، ئیستاکە سابتی کردوە، جاش و جەندرمەی عەجەمیش هەروەك جاش و جاشپۆلیسەکانی عەرەب، دژی گشت شوان و پاڵە و گاوانی گەلی کوردن لەمدیواو دیوی سنووری داتاشراوی دەستی خۆیان. ئەوەتانی سنووری داتاشراوی دەستی خۆیان دوبارە نۆژەن کردۆتەوە، گشت هۆز و عاشیرەی جافیان لە زێد و ماوا و هۆبە و هەواری هەزاران ساڵەی باب و بابیرانمان مەحرووم کردوە. ئەوەتانی ئەمساڵ دۆڵی شلێر بۆتە بەندیخانە تەسك و تەنگەبەری هەزاران خێڵەجاف. بەخوا تا مانگێکیتر درگای سنووری دەسکردی دوژمنی خەڵکی کورد نەکرێتەوە کەلاو گوڵ و شاخ و شەخەڵ و دار و دەوەنی هەرد و بوومی شلێر بەشی ئەم حەشاماتە ناکات، ناچار دەبین بەقرچە قرچی گەرمای هاوین برەو دەشتی شارەزور گەرمیان و شاخەکانی قەرەدان بگەڕێینەوە

مەجلیس مات و مەلوول بڵاوەیان لێکرد، وەك مردوو موار، دڵتەنگ و خەمبار، هەرکەس خۆی کردە ژێر دەواری خۆیدا.

سوارەیش وەك عێل و عەشرەتەکەی کە خۆیکردە ماڵ دایکی بە خەمباری هاتە پێشچاو وتێ:

– دایەگیان زۆر بە مات و مەلوولی دێتە پێشچاوم؟ خۆ پێم وانیە هێشتا دەنگوباسی کۆبوونەوە و ڕاو تەگبیری کۆڕی پیاوماقووڵانی هۆزت هەست پێکردبێت کە ئیستا کۆتاییمان پێهینا و بڵاوەمان لێکرد. با بۆت بگێڕمەوە ئیمرۆ لە سەرکانی و سێبەری دارگوێزەکانی تووەسووراندا چ وتراو چ بیسترا. سوارە بەوردی باسی ڕوداوەکانی سنووری مەروان و هێمنی سنووری ناوخوان و کۆتەڕەش و تەختی عاوەلانی بە هۆی زانایی و پیاوچاکی هۆزی قالە فەتەی دەستەبرای ئەوسای باوکی و ئیستای خۆی لەزمانی مام ڕۆستەم و پیاو ماقووڵانی هۆزەکەی خۆیانی بۆدایك و خوشك و براکانی گێڕایەوە.

ئەمجار پوورە مروەت بە پێی عادەتی هەمیشەیی خۆی بۆ وت وێێژ و ڕازو نیازی نهێنی نێوان خۆیو سوارەی کوڕی بە ڕمزی چاو حاڵیدەکات و بەرە و بن دارەوەنەکە ڕایدەکێشێ. زۆر بەوردی ئەوەی شەوی ڕابوردوو، بە چپەچپ، سرکەسرك و هەناسە هەڵکێشان و ڕازونیازی ناونوین و شەوباخەڵ لە پشتی چێخەکەوە لە کلاوزەڕ و ئەحمەدی بیستبوو، موو بە موو بۆ سوارەی گێڕایەوە و وتێ:

– کوڕم سوارە گیان گەرچی شەقی ڕۆژگار بە باشی ژێری کردووی، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا پێت بە وردە ڕێخۆڵەی خۆتەوە نەپیچراوە؟! هەروەخت دووسێ منالی خرپنە وەك جووجەڵە بە دوای خۆتەوە بینی، جا دەزانی مەنێك ئارد چەنێ ئاوی گەرەکە و چەن کولێرەی لێ دروست دەکرێ؟! ئێستا من دەزانم حاڵ و باڵ و

ئازو وازی دایکە پیرو کوێر و یەك کەوتووەکەی ئەحمەد چۆنە ئەوە خەم و پەژارەی ئەو پیرێژنە کولۆڵەی دایکیەتی وا بزەی لەسەر لێوانی تاراندوە هەر دەڵێی ئەحمەدەکەی پێش مانگێك لەمەو پێش نیە. ئەو کە ئیستا (نۆزاوایە) مەشیا دڵی لە شادی و خۆشی کەیل و مالامالْ بوایە؟ کەچی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و سات لە دوای سات، خەم و پەژارەی زیاتری پێوە وەدی دەکریٚ؟

سوارە سەری دادەخات دەچێتە ناو قووڵایی دەریای بیر کردنەوە، پاش چارەکە سەعاتیٚ سەری هەڵدەبڕیٚ دەڵیٚ:

– دایەگیان هەرچەن تۆ لە گشت لایەکەوە لە ئەحمەد و کلاوزەڕ نزیکتری، بە شەوو ڕۆژ تەنیا لۆی چێخیك لەنیوان هۆبەی تۆ و ئەواندایە، هێندە بە دلْ و گیان لێیان نزیکی و مەحرەمی ڕاز و نیازی هەردووکیانی، بە گوێی خۆت بەشێکی زۆر لە ڕاز و نیاز و . . دەبیستی، بەچاویش زۆرتر لەمن هەڵس و کەوتیان دەبینی. بەلاٚم باوەڕم پێبکە ئەوەی تۆ لەوانت بینیوە و بیستووە و بۆت گێڕاومەتەوە منیش بە باشی هەستیان پێدەکەم. وەك وتوویانە و دەڵێن: هەزار دوکتۆر بە قەت دەردە دارێك نازانیٚ. جا ئێستا تەگبیرت چییە و چۆن کلاوزەڕ، ڕازی دەکەی‌و ئەحمەد بەرەو لای دایکی بەڕیٚدەکەیتەوە؟ ئایا کلاو بەرگەی دووری خۆشەویستەکەی دەگریٚ؟ ئایا تۆ پێت ڕەوایە؟ ئاوەها لیك جیا بکرێنەوە؟.

دایك هەناسەیەکی سووتینەر هەڵدەکێشی و دەڵیٚ:

– بەداخەوە، وەك وتوویانە و دەڵێن، ئەوەی لای مرۆڤ، خەیاڵە لای خوا بەتاڵە؟ بەداخەوە ئەوەی من ئارەزوم بوو پێموایە وەدی نایەت. نەخشەی من بۆ پیکەوە ژیانی کلاو ئەحمەد ئەوە بوو. پێم وابوو وەك سالاٚنی ڕابووردوو کە گەیشتینە هەوارگەی "سیفەسوور و بەردی برایم" خێرا دەنێرم دایکە پیرەکەی ئەحمەد دێنم بە حوزوری دایکی زەماوەندێکی شیاویان بۆ ساز دەکەم، بە چادر و چەتاڵی تایەتەوە بۆ هەمیشە لە پەناو بنباڵی خۆماندا خیلە و خواری و خێڵەو ژووریان پێدەکەم. بەلاٚم مەخابن سەت مەخابن لە بەختی شوومی کلاوی کولۆڵم، کەش هەوا و ئەوزاعی کویستان ئاوەهای لێهاتووە کە ئیستا بۆت باسکردم. کوڕەشیرینەکەکەم بە بڕوای من تۆ دەبیٚ بە وردی لەگەلْ ئەحمەد بدوێی و منیش لەگەل کلاو، دەبیٚ جەوو کەش و هەوایەك بخولقێنین قورسایی نەکاتە سەر ڕۆح و ڕەوانیان، بەتایبەت کلاوزەڕ، ئەحمەد زۆر لەوە ژیرو ژۆلترە من و تۆ بیری لێدەکەینەوە. بە بڕوای من ئێمە دەبیٚ بەهۆی قالە فەتە و مەحمووفەتەوە ئەحمەد لەم سنووڕە سیحراویە ڕزگار و دەربازکەین، نەکا ئەو چوار فلسەی بە ڕەنجی شان و دەربەدەری و دووری لە دایکە کولۆڵەکەی وە چنگی هێناوە، سەگ و گورگی سەر سنوور لە چنگی دەرێنن.

چاوەڕوانی بەپازدەهەمی ئەم ڕۆمانە ڕاستەقینەیە بن.

## کۆماری بێدەنگی

**شیعری**

**ڕەحیم لوقمانی**

*** 1 ***

لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم
سالْگارێکە
شەقام وکۆڵانی ئاخنراوی گوێچکەم
قەیران قەیران ،
تینووی خرنگەی بازنەی دەستی دەنگستانە
سالْگارێکە
شاری خەفەخانەی شێعرستانم
هێڵی تەلەفونی وشەکانی لیٚ پچڕاوە و
چنگی تەنیایی لەگەرووم بەرنابیٚ
ڕەشگارێکە
ژنانی ئاوات خنکاوی ناو تەمی ڕەشی بن چارشێویان
کچانی شەوپۆشی تریقە هەڵفڕیوی هێلانەی لێویان
مەراق مەراق
لەپرسەی ئازادی و
لەپرسەی عیشق و
لەسامی سەنگینی سکووتیان
بێزوو ، بێزوو بە میوەی دەنگەوە دەکەن
تا سروەی خەیاڵی دەستی دەنگێك هەڵکا ت و
سنەوبەری وشکی باڵایان ڕاهەژێنیٚ.
پیاوانی خەسارژینی ئاوات خەساو
کەلەئارشیوی ناخیاندا،
هەزاران چەپکەعەشقی ژاکاو نێژراوە
لەناوقرچەقرچی خۆزگەوئارەزووی سووتاویاندا،
لێوی بلێسە وگوێی تینوویان
بۆ کانیی دەمی یەکتردەڕوانیٚ
نوستوو نوستوو
خەو بەجێژنی دەنگە وەدەبینن...

*** 2 ***

من لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم!
دەنگ ، موژدەی ژیانەوەی ژینە
لە حەنجەرەی خامۆشی شەقام و کۆلاٚندا
دەنگ، ڕەنگی شەرمی سەرگۆنای ئالی ئەوینە

لەشادەمارەکانی جێژوانا
نۆتەکانی ئاوازی بارانە
گۆرانی بۆگوێی سروشت دەنووسێتەوە
دەنگ ،
رۆحی ناقووسی بیست وچواری چوارچراکەی مهاباتە
بێ دەنگیش ،
زریکەی سێدارەکانی دەی خاکەلێوەی بیست وپێنجە
تا هەتایە لەپەرستگەکەی دڵمانا
زەنگ زەنگ ...دەزەنگێنێ
دەنگ ، رەمزی قوفڵی زیندانەکۆنەکەی ماندێلایە
ئەمڕۆ سۆراخی زنجیرەژەنگاویەکانی ئاراراتم دەپرسێ
دەنگ، دوایین ئاوازی بووکەشووشە و
دواخەندەی منالّی ناو بێشکەی هەڵەبجەیە
بێدەنگیش، هاواری رەنگ سکووت و پڕ پیلانی دەوروبەرمە

*** 3 ***

ئەگەر کۆماری دەریایەك
شەپۆلی دەنگ نەیهەژێنێ،
نەفەس نەفەس گێژاوی بێدەنگی
دەیلووشێتە بافووری خنکانەوە
ئەگەرلەناو قەفەزی ئاخە باڵ کراوەکانی حەزدا
گمەی کۆترێکی عەشقی ئازاد فڕینی نەبێ
ئەگەر لەناو سازێکی مودێڕنی دەستی شێعرێك
گەرووی نۆتێك بۆغەزاڵە رەتاوەکانی ئەوین
نمە نمەی ئاوازێکی چیایی نەچڕێ
ئەگەر لەگۆڕەپانی رۆژنامەیەکدا
ئەسپی هەناسەی مرۆڤی سەردەم
رەها رەها باڵی سەرکەش بوونی نەفڕێ
ئەگەرلەناوشووشەبەندی پڕلەتابۆی
خواوخەڵك وخەمی خاکی موقەددەسا
دەنگی ڕاسان وبەردی دەستی ئەندیشەی نوێ
پەراش پەراش بوتی بێدەنگی نەشکێنێ...
ئەگەر......
ئەگەر.....
ئەگەر.......
ئەگەر کچان وژنانی ناو کۆماری بێدەنگی
لەسێبەری سەنگینی دارەپیرەی شەرم و
لە ددانی کەنین ئاسای "کرۆکۆدیل "ی عەداڵەت و
لە گوڵبارانی شوومی زەماوەندی سەنگەسارا

سیروان ... سیروان ...
بەدەستی پڕ لە شەپۆلی دەنگەوە
دیواری سەدە کۆنەکەی زەمان نەڕووخێنن
ئەگەر......
ئەگەر......
ئەگەر......

*** 4 ***

ئەوا هەنگەکەی لەکەندوو کراوی ناو شاخە گەورەی دڵم
پوورەی فڕین و ویزەی رابوونی لێوە دێت
چونکە هەرچی باخچەی رەنگاوڕەنگ دەبینێ
بۆشانەهەنگوینی شیعرەساتی تەمەن
نایەڵن شیلەی ماچێك بنۆشێ
ئەوا هەنارەکانی خەون و ئاواتم
لەناو باخچەی کۆنەخاك وتەنگەلانی رۆژهەلاتیمەوە
ژاکاو ژاکاو دەبێتە سووتووی ئاگردانی
خەڵیفەکانی خوا وتابۆکانی پیرۆز کراو.
مێژوو مێژوو
تاوان تاوان
بارە مەرگی رۆژهەلاتیم لەکۆڵدایەو
رۆژنامەکانی دەوروپشتم
کوولەکە رەشەکەی "بیلال "ن و
باشاری بانگی تازەی من ناکەن...

لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم
لەکاتێکدا،
لەکێڵگەکانی بیرمان ولە باخچەکانی ئەندیشەمان
دەوران دەوران
نەزانین وشەڕ وئەهریمەن چێنراوە
لمی عەرەبستانی ئاودێرمەو
شمشێری سووری ئایین باخەوانم!
میوەی هەمیشەییم برسێتی و
چریکەی بولبولی وەرزم بێدەنگییە!

*** 5 ***

دەنگ
چەپڵەرێزانی نەرمە بارانی بەر بووکی پەلکە زێڕینەیە
بۆزەماوەندی باخچەی وشك و تینووی رۆحمان.
هەناسەی بەهاران ومچوڕکی ماچی حەزمانە

لێوی سڕبووی کۆماری عەشق دەخاتە پشکووتنی ژین
دەنگ تەقینەوەی کانیی خنکاوی ئەوینی ژنانە
ئەودەمەی چنگی سەهۆڵبەندی
شەرم وشەرع و شەوەزەنگ...
کۆترە سپییەکەی گەروویان ،
خەڵتانی شکۆفەی سووردەکا
دەنگ
قژی ئاڵۆزی شێعرەکانی منە گوڵ دەگرێ
ئەوکاتەی پەپوولەی یادەکانی تۆی لەسەر دەنیشێ
زەنگی تەلەفونە بێ دەنگەکەی ناو ژووری خەیاڵمە
ئەوکاتەی دەستی ئارامی هەناسەت
لانکی ساوای بێوازی شێعرم رادەژێنێ
دەنگ
بەردی دەستی مناڵی چەتوونی وشەکانی منە
بەرەوسامی پەنجەرەی پادشاکان دەڕوات
ئەودەمەی کامێرای سەرشانی رۆژنامەکان
ناوێرن لێیان بڕوانن

*** 6 ***

دەنگ ، هەرەس هێنانی سکووت و
باهۆزی پەشیمانی خوایە لەناوی خۆی
ئەو دەمەی خواکانی سەرزەوی
کردوویانە بەکلکەوانەی تاوان و
بەدەمامکی روخساری شمشێریان و
درۆ درۆ ، چەپکە شاباشی برسێتی
ئەدەن لەسینەی ئاخستانی مرۆڤ و
گوڵبارانی زەماوەندی مەرگ دەکەن
دەنگ ،ئەفسوونی قەڵەمەشەیدا کەی نیچەیە
ئەوکاتەی لە میدیاکەی زەردەشتەوە
هەواڵی مەرگی خواکانی دەنووسیەوە
دەنگ...دەنگ...دەنگ

*** 7 ***

هەمووشتێ بە دەنگەوە دەژی
با ، کانی ، رووبار ، باڵندە ،
شمشاڵەکەی قالەمەڕە
پەنجەرەی کپ کراوی حەنجەرەی ئینسانیش
ئەگەر دەنگی نەیە دەمرێ!
ئەوانەی بەبارانی دەنگ وشك دەبن و
کۆشکی کەسرایان شەق دەبێ
تەنیا باخی رەنگاورەنگی تابۆکانی دەسەڵاتە و
باخەوانانی پاشەرۆك خۆر
بۆیە دایمە گوێ لە هەناسەی چرپەمان رادەگرن
بۆن بەدەمی وشەکانمانەوەدەکەن و
لەگوڵدانی بەرپەنجەرەی داخراوی عەشق وژوانماندا
دڕکەیاسای سامناکی دەچێنن.

*** 8 ***

ئەگەربۆخەونی دەم بەیانی دارستانێك
شالووری دەنگێك ، بێت وشەونمی ئاوازێ ،
لەروخساری درەختانی هەڵپرژێنێ ،
هەرخێرا واشەی قەفەسێك باڵی بۆدەگرێتەوە.
ئەگەر لەناو خامۆشە بەفری ڕێبەندانا
رچەی دەنگێك سامی رێگای شکاندبێ ،
هەرخێرا چنگی سووری داڵی یاسا شوێنی دەگێڕێ.

وائەمڕۆ دەبینم
ناوگیرفانی نهێنی ماڵان و
نێو باخەڵی بەتاڵی سفرەو ناو سکی بەفرەچاڵ و
ناو هەناسەی جانتا ورازی جلوبەرگی ژنان و
ژێرنوێنی یاوگرتووی نەخۆش و
ناو لانکی نوستووی پرخەی منال و ناو...
زرم... زرم...
ئازار ...ئازار...دەپشکێنن!
گۆیا سەتەلایتی دەنگێك راو دەکەن!
من لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم...

*** 9 ***

ئەوانەی بەبارانی دەنگ وشك دەبن و
کۆشکی کەسرایان شەق دەبێ
تەنیا باخی رەنگاورەنگی تابۆکانە و...
ئەفسووس ئەفسووس
ئەمڕۆ دەبینم قەڵەمەتێر برسییەکەی تۆش
لەسەرسفرەی پڕاوپڕ لەرەنگ و
پڕاوپڕلە بێدەنگی ئەوان دەژی
بۆیەهەرکات ، دەستی گەرمی شێعرەکانم
دێت وئەدا لەزەنگی خامۆشی خۆشەویستیت و
پێت دەڵێ:

نەبیتە چەپکە  نێرگسی سەرمێزی حاکمان و
لەدەمی پڕ هاواری سووری زامی عەشق وئازادیمان
بێدەنگ نەبی...
ئەفسووس ئەفسووس
تۆش لەخۆفستانی ئەم وەرزەدا دۆڕایت و
لەچاویلکەی تاریکی دەسەڵاتەوە تێم دەڕوانی.
کوڕانی عەشق ونبووی ناو غەزەلم دەکەیتەئەشقیا
بەشێعری بەتاڵی بیر تەنگیتەوە
کچانی پەلکە شۆڕی قەسیدەشم
دەکەیتە سەنگەسار بەبەردی بێدەنگیتەوە
من لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم
من لەکۆماری بێدەنگییەوە دێم

رەحیم لوقمانی    83|12| 20

××××××××××××××××××××××××××××××××××××

شیعری
رەحیم لوقمانی

هەڵۆیەك شاخی لێبگرن هەزارێك دەركی گوڵزاری
کەمانێك سیمی دەربێنن گەروویەك سۆز و هاواری

بەهارێك تاوی تەمپۆش وهەوارێك جوانی رەشماڵی
ئەوین چۆن جامی پڕژان ومەرگ نابێ دڵی زاری

ئوباڵی تاڵی زین و مەم لەئەستۆی حال نەزانانە
سەبەبکاری دڵ ودڵبەر دەبێ بمرێ بە شۆفاری

یەکەم ژوانی هەڵۆی هەستم شنەی لوتکەی تەوارێ بوو
کەچی مایەی ژیان بوو بەهەواری چۆڵی تەمباری

مەلێ باڵی نەبوو بفڕێ نەکەن لانەی بڕووخێنن
گوڵێ بۆنی نەبوو بۆتان هەڵی مەبڕن لەگوڵزاری

زەمانە سێبەری هەورە نییە تا سەر لەسەر کەسدا
مەڕووخێنن مەسووتێنن ژوانی بەرزی دڵداری

# کوودتا

دەنگی چەپڵە ڕێزانی سالۆنەکە وشیاری کردیتەوە. هۆش هەستت لابڕابوو.واتدەزانی خەودەبینی.

باوەڕت نەدەکردبێیتە ئەم شوێنە وئاوا سەرناس وخۆشەویست وهۆگربیت.بۆچەندچرکەیەك گەڕایتەوەناوخۆت.ئەوەندەی لەبیرت بێ وئێستاشی لەسەربێ، بەردەوام حەزت لەڕاوی باڵندەبووە.لەوکاتەوە ئەم دارستانەسامی تاریکستانی لێ نیشتوە تۆچرای بەردەستی راوچی بووی ودەستت بەهەمووکەلێن وقوژبنەکانی فڕینا گێڕاوە.بەردەوام پەلوپۆی باڵدارانت پشکنیوە وفڕین وچڕینت لێگرتوون.شان بەشانی راوچییان دەندووکت قرتاندوون وجریوەت لێ ئەستاندوون. زۆرترحەزت لەقەفەزوگرتنی باڵندەبوو.چونکە ئەودەمانە زۆرکەس بەگۆشتی باڵندان باڵیان گرت.تۆش حەزت لەبەرزبوونەوەبوو بەڵام خۆت بیری بەرزی فڕینت نەبوو.هەربۆیەش کینەی باڵندەبەرزەکانت لەدڵدابوو.
دیسان بڵندگۆبانگی کردیتەوە وخرمەی چەپڵە بە سەرتاداباری.وەرچەرخایتە دەوروبەرت ولەهاوڕێکەی پاڵ دەستت پرسی:
ـ لەگەڵ منی بوو؟
ــ بەڵێ تۆی بانگ کرد.ئەی ئەوە نیە بۆ کۆنگرەی باڵندان هەڵبژێردراوی؟
باوەڕت نەکرد، چاوت هەڵگلۆفت.خەونیش نەبوو.چوویتەوەناوخۆت "نا، هەڵەیەك ڕوویداوە! من وجێژنی گەورە باڵندان! من عومرێکەلەخزمەتی راوچیاندام.بەهەڵبڕینی باڵی باڵندە سەرکەوتووم.بۆگەیشتن بە سات وکاتێکی واهەزاران باڵندە پێوەبوون وتێداچوون.هەزاران لەقەفەزداوشك بوونە...نا ! شتی وانابێ .دەبێ هەڵەیەك ڕوویدابێ، دەنا من چی وئێرەچی؟"
لەم وات و ویرەدابووی کەدەستی هاوڕێکەی لاشانت دایچڵەکاندی.
ـ لەگەڵ تۆیانە دووجاربانگیان کرد.هەستەبڕۆ.
هەستای پێت نابەسەرناباوەڕیەکانتدا.رووت کردە تریبۆنەکە.هەمووباڵندەکان سەریان بەرەولات وەرگێڕاوچەپڵەبارانیان کردی.نەتدەزانی لەکامیان بڕوانی.
هەندێکیان بەچاوی گومان وپرسیارەوە تێت رامابوون.ئاوڕت لەکەس نەداوە.بەئارامی وەك پێ بەسەرحەقیقەتا بنێی رووت کردەمیکرۆفۆنەکە.سەدان چاو رووبەرووت بوون.هەندێ دەیانناسیت ونەیاندەناسیت.تازەکرابوویتەدەمڕاستی باڵندان

ودەبوو قسەیان بۆبکەی.جا لەکوێوە ولەچیەوە بدوێی! ئەوان دنیایەك ئازاری قەفەز وژیان وسکاڵایان لەدڵدا، بوو تۆ چی؟

چاوێکت بەسیمای دانیشتوانا گێڕا.شەرمێك دایگرتی.کەوتیتەوە ناو کێشەی دەروونیتەوە."ئەمە کۆنفڕانسی گەورە باڵندانەوساڵەهایەلەئارەزووی ڕۆژێکی وادان.کێ منی بۆ ئەم کارە هەڵبژاردووە؟هەڵەیەك روویداوە.یان ئەمان گۆڕاون یان من! بێگومان من هەروەك خۆمم.ئاخرگۆڕانیش زەمانی دەوێ..."

دەتەویست رووبەڕووی باڵندەکان هاواربکەیت وپێ لەتاوانەکانی خۆت بنێی.لەسیمای میوانان وردبوویتەوە.لەریزی پێشەوەبەرپرسانی کۆڕ و داوەرانت بینی.لەپێشدا واقت وڕما، بەڵام زوو شەرمت شکا.چونکەزوربەی ئەوانەی شەرمت لێدەکردن بەرچاوت نەکەوتن .پێت سەیربوو...!

ئەوانەی هەزاران بێچووی ئاوازیان لەگەروودا خنکا، هەزاران هێلکەی ئازادییان لەهێلانەی ئاواتا مارخواردی، ئەوانەی داری ئەم تریبونەیان بەخوێنی خۆیان رەنگاند،ئەوانەی...ئەی لەکوێن؟ کۆنفرانسی باڵندە و بێ ئەو باڵندانە! بۆچی دیارنین...؟

لەریزی پێشەوە دەستەی بەرێوەبەروهەمەکارەی بەرنامەکە بەبزەوەلێت رامابوون.تەزوویەکی

تاڵ وشیرین بەناولەشتا گەڕا بەڵام زووئارام بوویتەوە. چونکە رێزدارانی پێشەوە زوربەیان قشقەڕەکانی هاوڕێی خۆت بوون.کەجوان سەرنجت دا هاوڕێکانت هەرخۆیان بوون بەڵام هەموورەنگیان گۆڕابوو و رەنگی ئەو رۆژەیان گرتبوو .لەراست وچەپەوە، سەوزوسووروزەردو...لەو رەنگانەی باڵداران پیان خۆشە و دەیانکێشێ، هەموو خۆیان

لێ رەنگاندبوو. کەهاوڕێیانت بەمجۆرە بینی تێگەیشتی کەهیچ شتێك بەوجۆرە نەگۆڕاوە، بەڵکوو پێش لەوەی باڵندەکان بگەنەلووتکەو حەقیقەتی فڕین، قەلەرەشکە دەستەمۆکان کوودتایان لێ کردوون. جا کە سەبرت هاتەوە بەر و هێور بوویتەوە، تۆش هاتیتە سەرئەوەی کەوەك ئەوان رەنگت بگۆڕی.

ئەمجاربە ئارامی رووت کردە هەموو باڵندەکان و بێ ئەوەی با وبۆرانێکت دیبێ، بەسڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە ودەنگێکی پرلەشانازی دات لەچریکەی ئاوازێك ئەو سەری دیار نەبێ...!

**رەحیم لوقمانی/ رێبەندان**

/2005/ سنە

# سەرمابردەڵەکان

نوسینی:

سەردار عەبدوڵا

هیشتا، سەرما و سوڵەی ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری چیاکانی سەرسنوور لە گیانمان دەرنەچووبوو" بەتوندیش گەماڕۆی ئابووری خرایە سەرشارەکانی کوردستان.

خەڵکی، بە گشتی لە بەردەم بەرێکردنی زستانێکی سەختی بێ سوتەمەنیدا خۆیان بینییەوە. برسێتی باڵی ڕەشی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا کێشا. هەموو شتێك پیناسە و سروشتی خۆی ونکرد. تەلی کارەباکان" بە تایبەت گەرەکە هەژارنشینەکان بە هەفتە تەزووی کارەبا ڕاینەدەچڵکاندن و هەندێك لە ماڵەکان لەبری تەناف جلیان پێداهەڵدەخستن. ئەو ڕۆژگارە گەچ تێکەڵی ئارد و میز تێکەڵی بانزین دەکرا!

شەوانی ئەو زستانە سەختە بێکارەبایانە" شاری کردە گوندێکی گەورە. حیکایەت و داستانە کۆنەکانی (گورنەتەڵە و دێگونەچارە)..هتد تامەزرۆیی خۆیان وەك زەمانی زوو پەیداکردەوە!

شەوان، پڕ بەدڵ بیری نەنکی ڕەحمەتیم دەکرد، خۆزگەم بۆ ئامادەبوونی دەخواست تاکو چیرۆکێك یاخود سەرگوزشتەیەکی کۆنی خۆیمان بۆبگێڕیتەوە.. بەلاّم مخابن نەنکم زۆر زوو کۆچیدوایی کرد، تەنانەت هیچ وێنەیەکیشمان نەبوو، تەنیا زانیاریەك کە لە بارەیەوە دەمزانی ئەوەبوو: نەنکم کەسێکی سەرمابردەڵە بووە، تەنیا میراتیشی ڕستەیەك بوو، کە هەمیشە دەیگوتەوە. نەنکم، ڕۆژێکی ساردی زستان، سەرما چوقەچوق بە ددانەکانی دەخات، پاش داخستنی سوپا دارەکەیان و گەرمبوونەوەی جەستەی تەزیویی" ئۆخەیەك لە دڵەوە دەکات و دەڵێت:

- ئۆخەی ئاگر چەند خۆشیت، ڕەبی پڕ قەبرەکەم بیت!

ڕۆژیك، لە ڕیگای بەرەو ماڵەوە" ئەو وتەیەی نەنکی ئیماندارم بۆ هاوڕێکەم گێڕایەوە، چونکە ئەویش هەروەك نەنکم سەرمابردەڵەبوو. بە دەنگێکی بەرز دایە قاقای پێکەنین و وتی:

- خەمت نەبێت! کار وابڕوات و ئەم سەرما و سوڵەیە بەردەوام بێت، هەموو ئەو دیندار و نوێژکەرانەی کە ئەم دنیایەیان لە خۆیان حەرامکردووە تاکو قەبرەکانیان لە ئاگر بەدووربگرن" ئەم شیعارەی نەنکی جوانەمەرگت هەڵدەگرن.

دوبارە بە پێکەنینێکەوە درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

- دیارە، مەلای مزگەوتەکەی گەرەکی ئێمەش ئەو قسەیەی نەنکت ئیمانی لەقکردووە! لە مانگی تەموزدا نەبێت، تا کو ئیستاش بۆیەك جاریش چیە! لە خوتبەی دوای نوێژی جومعەدا باسی ئاگری جەهەنەمی وەك تۆڵە بۆ خراپەکاران و بێئمانەکان نەکردووە! ڕۆژانە دەیان جار (ئاگر چەند خۆشیت، ڕەبی پڕ قەبرەکەم بیت!) لە دەمی هاوڕێی سەرمابردەڵەمەوە دەبیسترا و خووی پێوە گرتبوو. تاکو جارێك پێم گوت:

- ئەوە بەڕاست چی هانیدای وا دەقت بەم قسەیەی نەنکمەوە گرتووە، باشە نەنکم ژاندارك بوو یان ئێلیکساندرا کۆلۆنتای؟ تۆ باشترە بڕۆییت قسەیەکی نەنکی خۆت بەدەممەوەبگریت؟!

هەر وەك جاران، بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە:

- ئەو وتەیەی نەنکت فەلسەفەیە و پڕ مانایە، وەك پێم وتی کار وابڕوات و مانگێکی تر نەوتمان نەگاتێ ئەو وتەیەی نەنکت دەبێتە دروشمی سەرزاری هەموو خەڵك.. دوای ئەوە من چ قسەیەکی نەنکی خۆم بلێمەوە، ئەو هەژارە، لە کاتی کارەبا هاتنەوەدا" ڕەحمەت بو نیوتن دەنێرێت لە بری ئەدیسۆن، هەرچەند پێشم سەیرە ئەم ناوانە لە کوێ فێربووە! یاخود کە دوعای شەڕ لە نەیاران و ناحەزان دەکات، بەدەستی ڕاستی بە سنگیدا دەماڵێ و دەڵێت:

- دەك ڕەبی قاپقاپ و پێڵاوی ژنان لە ماڵتا نەبینیت، دەك بۆ خاتری ئیمام عباسی تەعجیل لێفەی دوونەفەری نەیەیت بەخۆتا!

* * * * * *


زۆرجار، خەڵکی نارەزایەتی و تورەیی خۆیان لە شێوەی نوکتە و گاڵتەدا دەردرکێنن، بەتایبەت کاتێك کە ئیدی دەسەڵاتیان بە سەر گۆڕینی وەزعەکەدا نەبێت. کوڕوکاڵی شار چەندین نوکتەیان لە سەر سەرماوسۆڵەوە تامەزرۆیی گەرم بۆ ئاگر دروستکرد. ڕۆژێك، هاوڕێکەم بە هەڵەداوان لە دەرگای داو وتی:

- گوێ بگرە لەم نوکتەیە:" لەوە دنیا، کەسێکی سەرمابردەڵە دەخەنە دۆزەخەوە، کەسەکە لەبری ئەوەی دڵگرانبێت شادمان دەبێت و خەندە سەرلێوەکانی دەگرێت! دوای ئەو کەسێکی تر دەکەن بە ژوردا بەلام ئەویان ڕقی لە ئاگرە و خۆی بە ئاسانی نادات بەدەستەوە، لەگەڵ پاسەوانەکانی بەردەرگای دۆزەخ دەکەوێتە شەڕی دەستەویەخە، بەهۆی ئەو شەڕ و هەرایەی پاسەوانەکان و کەسە دوەزەخیەکە" دەرگای دۆزەخ بۆ ماوەیەك بە کراوەیی دەمێنێتەوە. کەسە سەرمابردەڵەکە لەو وەزعە زۆر بێزاردەبێت" بە تورەییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ و هاوار لە کەسە دۆزەخیەکە دەکات و دەڵێت: " زەحمەت نەبێت، یان وەرە ژورەوە یان بەردەم ئەو دەرگایەمان لێبەردە و ڕەقمان مەکەرەوە!""

تاوێك لە سەرم وەستا تا لە پێکەنین بوومەوە و پاشان درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

- جا کەمێك بووەستە،!من دڵنیام، ئەو کەسە سەرمابردەڵەکەی نێو دۆزەخ نەنکتە. برووات بێت، نەنکتە! بە خواست و ئامانجەکانی دڵی خۆی گەیشتوە. ڕاستە، نەنکت ئیماندار و بەهەشتی بوو" بەلام دیارە لە سەر ڕەزامەندی خۆی ڕای گۆڕیوە و ناردویانە بۆ دۆزەخ تا گەرمی بێتەوە. جا بۆیە مافی مزگێنیم هەیە کە ئەو هەواڵە خۆشەم لەسەر نەنکت دایتێ.

قەیرانی سوتەمەنی، تا دەهات توندتر دەبوو. شاخ و کێوەکان ڕووتکرانەوە لە دار و درەخت. خەڵکی گەڕەکە هەژارنشینەکان پیلاوە کۆن، تایە کۆن و مەقەبایان بۆ خۆگەرمکردنەوە بەکاردەهێنا" هەربۆیە تا دەهات بێزاری خەڵکی لە و هەلومەرجە زیاتردەبوو. خۆڕێکخستن بۆ خۆپێشاندان کاتی هات، بەلام لە لایەن دەستەلاتدارە خاوەن کارەبا و ژێنەراتۆرە محەلیەکانەوە بەرپەرچ درایەوە و خەڵکیان بە گێرەشیوێن دایە قەڵەم!



لە کاتی خۆپێشاندانەکەدا، هاوڕێکەم لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندەراندا بوو. لافیتەیەکی سوری بە دەستەوە بوو، جار جاریش هاواری دەکرد و هوتافی دەکێشا. من لە ڕیزی دوای ئەو بووم، کە چاوی بە من کەوت بە هەمان شێوەی جاران دایە پێکەنین و وتی:

- نەم وت! تۆ سەیری ئەو هەموو خەڵکە بکە! هەموو بڕوای تەواویان بە وتەکەی نەنکت هێناوە و بۆ پەیداکردنی ئاگر خەبات دەکەن. هەر بژی ئاگر، هەر بژی نەنکت! پۆلیس و پیاوەکانی ئاسایش، بە پاڵ و بە قوناغە تفەنگ بلاوەیان بە خەڵکەکە کرد و قۆناغە تفەنگێکیش زرمەی لە نێوچەوانی هاوڕێکەم هەستان" بە جۆرێك ئێستاش گڕ لە برینەکەی نێوچەوانی دەبێتەوە!

ڕۆژێ دوای خۆپێشاندانەکە، سەردانێکم کرد بۆ ماڵەوەیان. پاش بەخێرهاتن" بۆ ژورە سارد و شێدارەکەی خۆی فەرمووی لێکردم.

به دیوارەكەوە پارچە كاغەزێكی سپی گەورە هەڵواسرابوو. گورزە ڕوناكی پەنجەرە بچوكەكە دەیدا لە كاغەزەكە“ هەر بۆیە زوو سەرنجم چووە سەر نووسراوەكەی سەری كە بە ڕەنگێكی شەرابی نووسرابوو: ( ئەی ئاگر چەند خۆشی، ڕەبی پڕ قەبرەكەم بیت!).لە ژێر ئەم دێرەیشدا بە خەتێكی بچوكتر نوسرابوو:
(ڕێكخراوی سەرمابردەڵەكانی كوردستان،21 سەرماوەرزی نەعلەتی.).

## خەیاڵی هاڵاووپلاو!


شەڕی ناوخۆ ئەوەی پێیدەوترا كار“ لووشیدا، تەنیا حەماڵی دەستدەكەوت، ئەویش كە سەختی پێشمەرگایەتی دەورانی شاخ ستونی پشتی بە كەڵكی حەماڵی نەهیشتبوّوە، ناچار عەرەبانەیەك دەكرێت و دەستدەكات بە میوەفرۆشی.

لە كاتی هێرشی شارەوانی بۆ سەر دەستگێڕەكان، عەرەبانەی میوەفرۆشیەكەی بە شۆڵ لەگەڵ زەویدا بۆ تەختدەكەن. چەندین ڕۆژ گیرفانەكانی لە دەستی بێكاری بەولاوە هیچی تر سەری پیاداناكەن، لاتی زۆری بۆ دەهێنێت و ناچار بڕیاریدا بچێت سەردانێكی مەسوولەكەی دەورانی شاخی بكات“ كە ئیستا كاربەدەستێكی دەستڕۆشتووە لە كابینە تازە پێكهێنراوەكەی حكومەتدا. لەڕێگەی بەرەو ماڵی كۆنە هاوڕێیدا، خوتبەی هاوڕێكەی لە گوێیدا دەزرنگێتەوە كە لە گوندەكان لە بەرژەوەندی خەڵكی هەژاران دەیدا.

كاتێك، گەشتە بەردەركی ماڵەكەی، سەری سووڕما“ لەوەی كەس لە بەردەرگای ماڵەكەی بۆ حیمایە نەوەستابوو! لە بەر خۆیەوە ووتی:
- بەڕاستی، كەسێكی لە خۆنەگۆڕاوە، هەر مەسوولەو دەیان چەكداری لە دەوری ماڵەكەی بۆ حیمایە و شانبادانی خۆی كۆكردوّتەوە، بەلاّم ئەم هەر بە سادەیی خۆی ماوەتە و دەستەلاّت كاری خراپی تێنەكردووە!

هەربۆیە تا نزیكتر دەبێتەوە هیوای بە یارمەتیدان و لالێكردنەوەی هاوڕیكەی زیاتردەكات. چەند وێنەیەكی خۆی پاش سەردانە سەركەوتوەكەی دێتە بەرچاو: سەرەتا، لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوەدایە و گیرفانەكانی ئاخنراون لە پارە و مەسرەفی چەند مانگێ، پاشان خۆی لەودیو مێزەوە بە جلی جوانەوە دەبینێت، كە دامەزرێنراوە و...هتد

دەگاتە بەردەرگا، بە شەرمێكەوە زەنگێك لێدەدات و بە ڕێزێكەوە خۆی قیت لە پشتی دەرگاكە دەگرێت، چاوەڕێیە كە هاوڕێی دێرینی پێشوازی بۆ ژورەوە لێبكات و لە سەروخۆیەوە دایبنیشێنێت و گوێ بۆ داواكاریەكانی ڕابگرێت.
زەنگی یەكەم، هاوڕێی دیرین دیارنابێت!
- پێدەچێت، خەریكی خوێندنەوە بێت یان سەرگەرمی كاری هاولاّتیان بێت!
دووبارە، خۆی بۆ زەنگی دووەم ئامادەدەكات، هەناسەیەكی قوڵ پڕ بە سیەكانی هەڵدەمژێت و قیتتر لە جاری یەكەم ڕادەوەستێت، ئەمجارەیان دەرگاكە لە لایەن ژنێكەوە دەكرێتەوە. ئەو ژنی هاوڕێكەی دەناسێتەوە و سلاّوێكی لێدەكات.
ژنی هاوڕێكەی، پێش ئەوەی ئەو بێتە گۆ، بە بێزاریەكەوە پێی دەڵێت:
- فەرموو برا، دەزانم كە پێشمەرگەی كۆنیت، چیت دەوێت؟
ئەویش وشەكانی سەرزاری بە زۆر كۆدەكاتەوە، دەڵێت:
- براژن، خۆت دەزانی كە من پێشمەرگەی كۆنم، هاتووم تا هاوڕێكەم
لایەكم لێبكاتەوە!
ژنی هاوڕێكەی، هەناسەیەكی قوڵ هەڵدەكێشێت و بە كەساسیەكەوە وەلاّم ئەداتەوە:
- بۆچی، جەنابی ئەو و مەسوولەكانی لە چەشنی ئەو“ لە ژنە كۆنەكانیان دەپرسنەوە تا لە پێشمەرگە كۆنەكان بپرسنەوە؟!
ئەو بەزەیی بە خۆی و ئەوی ژن بەسەرهێنراو دێتەوە. دەمی دەستدەكات بە تەتەڵەكردن، قسەكانی زیاتر لە وڕێنە دەچوو،هەروەك ئەوەی، دوای نەشتەرگەریەكی قورس بەنج بەریدابێت.
ملی ڕێگە بە پێچەوانەی ئاراستەوە دەگرێت و وێنە و سیمای حەمباڵی خۆی بە درێژایی ڕێگەكە لە چاوان وننابێت!
دوای قەرز و قوڵە، عەرەبانەیەكی تر دەكرێت، لە كاتی كێشانە و مامەڵەكردندا، هەمیشە موشتەریەكانی دەدوان و پێی دەوتن:
- دنیا دنیای مۆدێلە، ڕاكاڵ باوی نەماوە، سەرەی مۆبایلە!



# چەند دیمەنێنێك لە هاوینەهەواری هەڵواسراوی یانەی سارای منداڵان لە گوندی زرگوێز











